Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090313

# ناونیشانی (کۆڕەوی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ

(تورکیا و ئێران به نموونه)

رزگار عبدالكريم محمد محمود

بەشی مێژوو//کۆلێجی پەروەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان// زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

**Keywords**

کۆڕەوی، باشووری کوردستان، وڵاتانی دراوسێ ،

**Corresponding Author**

rzgar.mohammed@univsul.edu.iq

**پوختە**

هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی (کۆرەوی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران بەنموونە) وەك بابەتێکی دیاریکراوی مێژووی هاوچەرخی کورد بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی بابەتێکی بە بایەخە، چونکە ئەم بابەتە بەشێکی زۆری وەك مێژوویەکی زارەکی ویستومانە بە پشتبەستن بە گەواهیدەرەکانی ئەو رۆژگارە و نوسراوەکانی دواتر هەوڵمان داوە بەشێکی هەستیارو کاریگەری مێژوویی هاوچەرخی کوردستان وەك گرنگترین ڕووداوی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بخەینە بەردەست و روونی بکەینەوە. لێرەوە بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی جیاواز توێژینەوەیەك خراوەتە بەردەست کە لە پێشەکیەك و دوو بەش و پێنج تەوەر و ئەنجامێك پێکهاتووە، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

بەشی یەکەم: بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە لە ژێرناونیشانی (ناساندنی کۆڕەو گرنگترین هۆکارەکانی) لەدوو تەوەر پێکهاتووە، کە بەم شێوەیە دارێژراوە.،تەوەری یەکەم: باس لە کۆڕە و مێژووی کۆچ لەناو کورددا دەکات. تەوەری دووەم: لەژێر ناونیشانی (هۆکارەکانی کۆڕەوی باشوری کوردستان)دا، شیکاری هۆکارە ناوخۆی و دەرەکییەکانی کۆڕەو کراوە.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە لە ژێر ناونیشانی (ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆڕەو)شرۆڤەکراوە، کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە بەم شێوەیە: تەوەری یەکەم: (کۆڕەو بەرەو ئێران) لەم تەوەرەدا باس لە هەڵهاتنی کۆمەڵانی خەڵکی باشوری کوردستان دەکات بۆ وڵاتی ئێران و پاشان هەڵوێستی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە پەنابەرانی کورد خراوەتە ڕوو. تەوەری دووەمیشپەیوەستە بە (کۆڕەو بەرەو تورکیا)، لەم تەوەرەدا باس لە هەڵهاتنی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان دەکات بۆ وڵاتی تورکیا و هەڵوێستی ئەم وڵاتانە بەرامبەریان. تەوەری سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ (ڕووداوە تراژیدیەکانی کۆڕەو لەسەر زاری هەندێ لە قوربانیەکان): لەم تەوەرەشدا، هەندێك لە ئاوارە کوردەکان مەرگی نزیکەکان و کەسوکاریان بەچاوی خۆیان بینیوە، هەموو ئەوانەش بەهۆکاری (برسیەتی و قات و قڕی و سەرما و دووری ڕێگە و بوونی بۆمب و تەقەمەنی) کە بۆ خۆیان ئەو ڕووداوە تراژیدییانە دەگێڕنەوە.

## پێشەکی

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:**

هەڵبژاردنی بابەتێك لەژێر ناونیشانی (کۆڕەوی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران بە نموونە) لەو ڕوانگەیەوە دێت، کە تا ئێستا وەك پێویست جگە لەچەند وتار و نوسراوێك نەبێت لەچوارچێوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنوسراوە، بۆیە ویستوومانە ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی بە دەرخستنی ئەو ماوە مێژوویە بنووسین، خولیای توێژەریش بۆ ئەو ماوە مێژوویەی هاوچەرخی کورد و ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی کۆڕەوی باشووری کوردستانیش، فاکتەرێکی دیکە بووە لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی (کۆڕەوی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران بە نموونە) وەك بابەتێکی دیاریکراوی مێژووی هاوچەرخی کورد پڕ بایەخە، چونکە ئەم بابەتە وەك مێژوویەکی زارەکی ویستومانە بە پشتبەستن بە گەواهیدەرەکانی ئەو ڕۆژگارە و نوسراوەکانی دواتر، لایەنێکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان وەك گرنگترین ڕووداوی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بخەینە بەردەست و ڕوونی بکەینەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

بە پشت بەستن بەو ڕاستیەی کە لە توێژینەوەی زانستیدا هەیە، ناتوانرێت بە شێوەیەکی گشتگیر بە تەنها یەك میتۆد بۆ بابەتێکی ئەکادیمیانە بەکار بهێنرێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر میتۆدی مێژوویی و سیاسیمان بەکار هێناوە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێکی مێژوویی وەك کۆڕەوی باشووری کوردستان بێ کەم و کووڕی نابێت و زۆر ئاستەنگی دێتە پێش بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لایەنی مەیدانیشی تێدەکەوێت، ئەمە جگە لە دەست نەکەوتنی چەند زانیاریەك لەسەر بابەتەکە، بەتایبەتی لە کەسانی بەشداربووی کۆڕەو کە ئامادە نەبوون قسەمان بۆ بکەن، یان لەژیاندا نەماون دەکرا سوودیان لێوەربگرین بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجام بگەیەنرێت، لە چەندین سەرچاوەی جیاواز.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە ژمارەیەك سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کەسانی بەشداربوو لە (کۆڕەوی باشووری کوردستان ١٩٩١) بەکارهێناوە، لە گرنگترین ئەو نوسراوانەش کتێبی: (شەوکەتی حاجی مشیر: چێوەڕۆ دەروازەیەك بەرەو کەرکوك)، (هاوڕێ قادر ڕەسوڵ: لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشوری کوردستان)، (پشکۆ حمەتاهیر ئاغجەلەری: ڕاپەڕینی کەرکوك ١٩٩١)، هەروەها چەند چاوپێکەوتنێکمان ئەنجامداوە لەگەڵ هەریەکە لە (نەوشیروان مستەفا امین و دکتۆر یاسین خالد سەردەشتی و دکتۆر کەمال عەلی و دکتۆر دلێر ئەحمەد حەمد و دکتۆر ڕەفیق سابیر)، و چەند کەسایەتییەکی ناسراوی ئاگادار و چاودێری ڕەوشی کۆڕەوی باشووری کوردستان.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و دووبەش پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: لە ژێرناونیشانی (ناساندنی کۆڕەو و گرنگترین هۆکارەکانی) لە دوو تەوەر پێکهاتووە، کە بەم شێوەیە داڕێژراوە، تەوەری یەکەم: باس لە کۆڕە و مێژووی کۆچ لەناو کورددا دەکات. تەوەری دووەم: لەژێر ناونیشانی (هۆکارەکانی کۆڕەوی باشوری کوردستان)، بە وردی شیکاری هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی کۆڕەو دەکات.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە لە ژێرناونیشانی (ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆڕەو) لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەمی تەرخانکراوە بۆ (کۆڕەو بەرەو ئێران) لەم تەوەرەدا باس لە هەڵهاتنی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان دەکات بۆ وڵاتی ئێران و هەڵوێستی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە کوردە ئاوارەکان خراوەتە ڕوو. تەوەری دووەمیش پەیوەستە بە (کۆڕەو بەرەو تورکیا)، لەم تەوەرەدا باس لە هەڵهاتنی کۆمەڵانی خەڵکی باشوری کوردستان دەکات بۆ وڵاتی تورکیا و هەڵوێستی ئەم وڵاتانە بەرامبەر بە ئاوارەکان. تەوەری سێیەم تایبەتکراوە بە (ڕووداوە تراژیدییەکانی کۆڕەو لەسەر زاری هەندێ لە زیانمەندانی ناو ڕووداوەکانی کۆڕەو): لەم تەوەرەشدا، هەندێك لە ئاوارەکان مەرگی کەسوکار و نزیکەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە بە هۆکارەکانی (برسییەتی، قات و قڕی، سەرما، سەختی ڕێگە و بوونی لوغم و تەقەمەنی) کە خۆیان ئەو ڕووداوە تراژیدیانە دەگێڕنەوە.

## بەشی یەکەم/ ناساندنی کۆڕەو و گرنگترین هۆکارەکانی:

لەناو مێژووی کورددا چەندین شێوە کۆچمان هەبووە، لەوانە کۆچی بە تۆبزی و کۆچی ئارەزوومەندانە، ئەو کۆچانەی کە بە تۆبزین، زیاتر وەك کۆچپێکردنی سیاسی و بۆ مەبەستی پاکتا و پەیڕەوی سیاسەتێکی دوژمنکارانەی نەتەوەکانی تر دەرهەق بە کورد ئەنجامدراون، بۆنموونە لەناو شۆڕشەکانی کوردیشدا دەیان کۆچی سیاسیمان هەبووە، کە بە هۆکاری سیاسی خەڵکی سڤیل کۆچیان کردووە، بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٩١) هوە وشەی کۆڕەو هاتە ناوفەرهەنگی کوردییەوە و وەکو زاراوەیەکی نوێ ناسرا.

### تەوەری یەکەم/ کۆڕەو مێژووی کۆچ لەناو کوردا:

یەکەم: کۆچکردن: جوڵەیەکی فراوانی کۆمەڵێکی دانیشتوانە لەناو وڵاتەکەیدا یان بۆ وڵاتێکی تر، ڕەنگە کۆچکردنەکەش وەرزیی بێت، بە مەبەستی بە دەستهێنانی ئاو و لەوەڕگا، هەروەك دەشگونجێت بە یەکجاری بێت بەهۆی کارەساتی سروشتی وگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان، یان جەنگ ،یاخود لەپێناوی بەدەستهێنانی ئاستێکی بژێوی (قانع، ٢٠٠٥: ل١٤). یان بریتییە لەو هێزەی پاڵ بە مرۆڤێکەوە دەنێت کە وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێت وەك شەڕی ناوخۆ و خراپی دۆخی ئابوری و زۆری ڕێژەی دانیشتوان و قەیرانی شارستانی ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کەسێك کۆچ بکات، هۆکاری خۆشگوزەرانی ئابوری و سیاسی و ئازادی ڕادەربڕین هێزی ڕاکێشانن بۆ ئەوەی خەڵك کۆچ بکەن وەك کۆچکردنی کورد بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا (جەبار، چاوپێکەوتن: ٢٠٠٨).

لە ئەمڕۆدا کۆچ دیاردەیەکی سەیر نییە، بەڵام دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆز و گەورەیە، پەیوەندیشی هەیە بە بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە. واتە دیاردەیەکی جیهانییە، بەبێ ئەوەی بیر لە دیاردەی کۆچ بکەینەوە، ئەستەمە خۆمان لە قەرەی هەر ڕووداوێکی جیهانی بدەین، کەواتە کۆچ کێشە و گرفتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و جیهانییە. وەك کۆچی بە لێشاوی ڕۆژهەڵاتییەکان بەرەو خۆرئاوا. (جەبار، ٢٠٠٠: ل٩).

بۆیە کۆچکردن گۆڕانێکی هەمیشەیی یان نیمچە هەمیشەییە شوێنی نیشتەجێ بوونە بەچاو پۆشی لە دووری ڕێگە و بێ ئاوڕدانەوەش لەوەی کە کۆچکردنەکە ئازادانەیە، یان زۆرەملێیە، یان ناوخۆییە، یان نێودەوڵەتییە (الحدیثی، ١٩٨٥: ل٤٦٩)، هەرچی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە بەم جۆرە پێناسەی کردوە "جموجوڵی جوگرافی خەڵکە، یان تاکە کەسانە لەنێوان ناوچەکاندا کە گۆڕانی جێگەی نیشتەجێ بوون بگرێتەوە لەمیانەی ماوەیەکی دیاریکراودا" (عەبدوڵا، ١٩٩٨: ل٢٦).

کۆچکردنی دانیشتوان بە پۆل و کۆمەڵ، دیاردەیەکی ئادەمیزادی کۆن و بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەگ و ڕیشەی بەناخی مێژوودا شۆڕ بووەتەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە ئێستادا جیاوازە، بەڵکو بابەت و لقی زۆر تێکەڵ دەبێت و کۆچکردوو چ تاك چ کۆمەڵە کەسێك بەتەنیا ناکەوێتە بەر کاریگەری ڕەفتارەکە، ئەنجامەکەش بە ئەرێنی و بە نەرێنییەوە، دەبێتە هەوێنی چەندین گۆڕانکاری و سەرهەڵدانی دیاردەی جیاجیا، ئەمڕۆش وڵاتان و کۆمەڵگە جیاجیاکانی جیهانی نوێ بەڕادە و جۆری هەمە چەشن دەکەونە بەر کاریگەری ئەم دیاردەیەوە (عەبدوڵا، ١٩٩٨: ل٢٦). کۆچکردن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانی ئادەمیزاد، لەوکاتەوە بە بەردەوامی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاددا هاتووە، بەمەش کۆچکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ل٢١٦)، لە سەردەمی ژیانی سەرەتایی و ڕاو و شکاردا گەڕاون، لە جێگەیەکدا بە بەردەوامی نەماونەتەوە هەر شوێنێك زانیبێتیان نێچیری زیاتری لێیە و ئاسانتر ئەتوانن پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان دابین بکەن لەبەر ئەوە بە بەردەوامی کۆچیان کردوە هەمیشە وەك کۆچەری، یان ڕاوچییەکی گەڕۆك لێرە و لەوێ ژیاون (قوربانی، ٢٠٠١: ل٣).

دیارە ئەگەر بە دوور و درێژی باس لە کۆچە مێژوییەکانی کوردستان بکەین ئەوا دەرفەتی ئەوە نابێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تەواوی لەو جۆرە کۆچانە بکۆڵینەوە، کە بە درێژایی مێژوو کورد ئەنجامی داوە بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان هەمیشە لە کۆچ و ڕەودا بوون، چونکە ژیان لەو سەردەمەدا وای خواستووە، زیاتر وابەستە بوو بە کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵ و گروپ و خێڵ و هۆز لەبەر ئەوە تەنها زیاتر مەبەستمانە زۆر بەکورتی لە کۆچ و هۆکار و پاڵنەرەکانی بکۆڵینەوە لەسەدەی بیستەمدا. هەر بۆیە سەدەی بیستەم تێنەپەڕی بەبێ ئەوەی نەبێتە سەدەی کۆچی بە کۆمەڵی هەزاران کورد بۆ دەرەوەی کوردستان، سەدەی سەرهەڵگرتن و ئاشنابوون بوو بە چەندان وڵات کۆمەڵگا و کولتور و خەڵك و وێنا و سیمبوڵی جیاواز، ڕەنگە تەنها سەدەی بیستەم شایستەی ئەوەبێت بە سەدەی "کۆچ" هەژماری بکەین. سەدەی هەڵهاتنی هەزاران کورد بەتاك و بەکۆ لەو جوگرافیا سیاسییە پڕ کێشەیەی پێی دەگوترێت "کوردستان" بە بەراود بە سەدەی بیستەم، سەدەکانی پێشتر سەدەی مانەوە بوون لە نیشتیمان (قانع، ٢٠٠٥: ل١٤).

أ. جۆرەکانی کۆچکردن:

یەکەم/ کۆچی تاك

دووەم/ کۆچی خێزان

سێیەم/ کۆچی خێڵ

چوارەم/ کۆچی کۆمەڵ. (قوربانی، ٢٠٠١: ل٥).

ب. شێوەی کۆچکردن:

لە مێژووی کوردستاندا دوو شێوە کۆچکردن بەدی دەکرێن وەك:

یەکەم/ کۆچکردنی ناخۆیی:- مەبەست لێی گواستنەوەی دانیشتوانە لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ل٢١٦)؛ (عەبدوڵا، ١٩٩٨: ل٢٧).

دووەم/ کۆچکردنی دەرەکی: گواستنەوەی تاکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، بە پەڕینەوەی سنوورە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان، بە ئامانجی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی (حلبی، ١٩٨٤: ل٢٢٠).

کەواتە کۆچی ناوخۆیی کۆچێکە لە نیشتیماندا جێبەجێ دەکرێت، تەنها لە چوار چێوەی وڵاتەکەی خۆیدا، بەڵام کۆچی دەرەکی کۆچێکە بۆ دەرەوەی سنووری نیشتمان کە لە دەرەوەی وڵاتدا ئەنجام دەدرێت.

هۆکارەکانی کۆچکردن:

١. هۆکاری سروشتی: ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە کۆچکردندا، لە چاخە سەرەتاییەکاندا مرۆڤەکان بەرامبەر بچوکترین کارەساتی سروشتی دەستەوەستان بوون و لە ترسدا ناوچەکانیان چۆڵ کردووە، وەك بومەلەرزە و بورکان و زریان و بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاکان هۆکاری کۆچکردن بوون (قوربانی، ٢٠٠١: ل١٩-٢٠).
٢. هۆکاری ئاینی: لە سەردەمی ئیسلامدا کە تازە ئایینی ئیسلام سەری هەڵدابوو کۆچکردنی پێغەمبەر محمد (د.خ) و هاوەڵەکانی لە مەکەوە بۆ مەدینە، کە بەهۆی بیروباوەڕیان بووە لە ترسی هاوڵاتی خۆیان بەرپەرچ دراونەوەتەوە، هەربۆیە کۆچیان کردووە بۆ مەدینە (المبارفوری، ٢٠٠٦: ل١٨٥)، کاتێك دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بوو حکومەتی عێراق جووەکانی بەزۆر لەبەر پاپەندبونیان بە ئایینیان کۆچی پێکردن و دەستیان گرت بەسەر سەروەت و سامانەکەشیاندا (قوربانی، ٢٠٠١: ل٢١-٢٢).
٣. هۆکاری ئابووری: خراپی ئابووری کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەم شێوازی کۆچکردنە هەیە، کە دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتەکان بەزۆر کۆچ بەهاوڵاتیانی خۆیان دەکات، بە مەبەستی دەسکەوتی ئابووری (جوندیانی، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). وەك ئەوەی لە ناوچەیەکدا خەڵك دەژی ژێر ئەو زەویە سامانی سروشتی تێدایە دەوڵەت بەزۆر ناوچەکە چۆڵ دەکات و دەیان گوازێتەوە بۆ جێگەیەکی تر (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن)، کۆچبەر لەپێناوی بەدیهێنانی ئابوورییەکی باشتر بۆ بەدەستهێنانی دەستمایەی زیاتر، ئەم کۆچەش زیاتر بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا بووە کە پێشکەوتو ترە (جەبار، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

٤. بەرزی ڕێژەی دانیشتوان: زۆری دانیشتوان بەهۆی گەشەکردنی دانیشتوانەوە پەیدا دەبێت، بەمەش پەیداکردنی بژێوی کەم دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پاڵیان پێوەبنێ بۆ گەڕان بەدوای شوێنێکدا کە پێدویستییەکانیان دەستە بەر بکات بەتوانا و شارەزاییان بەگەڕ بخەن (عەبدوڵا، ١٩٩٨: ل٣١).

٥. هۆکاری سیاسی: لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردنە لە وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا لەوانەیش عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، نائارامی سیاسی و زۆری شۆڕش و یاخیبوون، هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر دەروونی خەڵك و جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدان و ئەندازەی مسۆگەرکردنی دابینکاریی هەیە (عەبدوڵا، ١٩٩٨: ل٣٢). خەڵکیش کاتێك بیردەکاتەوە لەژێر دەستی دەسەڵاتێکی ستەمکاردا دەچەوسێنرێتەوە و ئازادییەکانیان لێ زەوتکراوە و ژیانی خۆیان و کەسوکاریان لە مەترسیدایە، لەبەر ئەوە کۆچ دەکەن، وەکو ئەو خەڵکەی لە کوردستانەوە لەپێش ڕاپەڕینەوە کۆچیان دەکرد بۆ ئەوروپا کە زۆربەیان پەناهەندەی سیاسی بوون، چونکە بە هۆکاری سیاسی وڵاتیان بەجێ دەهێشت و ڕوویان کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا (سابیر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

٦. هۆکاری خزمەتگوزاری: خراپی گوزەرانی خەڵکی هەژاری دەرەوەی ڕۆژئاوا، ئەمەش وایکرد کۆچ بکەن بۆ ڕۆژئاوا چ لەشێوەی کرێکاری کۆچکردوودا بێت یاخود لە شێوەی پەناهەندەی سیاسی و مرۆیدا بێت (قانع، ٢٠٠٥: ل٣٢) ئەم شێوازە کۆچکردنەش زیاتر لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێت و بەجێهێشتنی نیشتیمان بەهۆی خۆشگوزەرانی و مسۆگەرکردنی ژیانێکی باشتر لە ڕۆژئاوادا.

٧. هۆکاری سەربازی و جەنگ: لەکاتێکدایە کە وڵات توشی جەنگ بوو بێت، نموونەی جەنگی عێراق – ئێران، بەمەش خەڵکێکی زۆری ناوچە سنوریەکانی کوردستان لە ترسی ژیانی خۆیان کۆچیان کردووە و زێدی خۆیان جێ هێشتووە (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

### دووەم/ چەمك و زاراوەی کۆڕەو:

کۆڕەو: کۆڕەو لە ڕووی زاراوەوە وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی کۆ و ڕەو پێکهاتووە کە کۆ بە مانای گشت دێت و ڕەویش بەمانای کۆچ دێت، لە ڕووی زاراوەوە دەبێت بە کۆڕەو، لەڕووی سیاسییەوە دوای ڕاپەڕین هاتە ناو فەرهەنگی ئەدەبی و سیاسی کوردییەوە، لەڕووی چەمکیشەوە بریتییە لەو هەڵهاتنە بە کۆمەڵەی خەڵکی باشووری کوردستان لە دوای شکستی ڕاپەڕین، سەرەتا لە کەرکوکەوە بە کۆمەڵ تێکڕای خەڵك بەناچاری لەترسی حکومەتی عێراق نیشتمانی خۆیان بەجێهێشت بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا (ئاغجەلەری، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن). کۆڕەو دیاردەیەکی تازە بوو کە لە (١٩٩١ )وە دەستی پێکرد، جیاوازە لەگەڵ کۆچ، کۆچ مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بە هەموو جۆرەکانی کۆچەوە. بەڵام کۆڕەو هەڵوێستی خۆڕسك و گەلاڵەبوونی ڕایگشتی و بزاوتی مەدەنی سەرجەم هاونیشتمانیانی باشووری کوردستان بوو، دژ بە دەسەڵاتی حزبی بەعسی عێراق (احمد، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن)، هەربۆیە کۆڕەو زاراوەیەکی نوێیە پێشتر لەزمانی کوردیدا بەکار نەهاتووە،بۆیە بەو جۆرەش ناسێنرا، چونکە بەکۆمەڵ خەڵك دەستیان کرد بە هەڵهاتن بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا، لەترسی ئەوەی حکومەتی عێراق پەلاماریان بدەن و وەك جارانی پێشوو چەکی کیمیایی بەکار بهێنێتەوە و تۆڵەیان لێبکاتەوە، هەربۆیە ئەو دەستەواژەیە شوێنی خۆی گرت و لەناو خەڵکدا بوو بە دەستەواژەیەکی سیاسی کە واتای کۆچەربوونی بە لێشاوی خەڵك بوو (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

کۆڕەو: کۆڕەوە ملیۆنیەکەی بەهاری (١٩٩١) یەکێکە لە پاڵپشتییە هەرە گەورەکانی هەستانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، تێبینی ئەوە دەکرێت قورسایی ئەم ڕووداوە لەسەر ڕای گشتی جیهان و ناوەندە سیاسییەکانی دونیا زۆر کاریگەریی گەورەتری لێبکەوتایەتەوە، بەراورد بە جینۆساید و کارەساتی ئەنفال و کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە و کۆمەڵگە زۆرەملێکان، ئەم ڕووداوە هەرچەندە بەر ئەنجامی ڕاپەڕین بوو، بەڵام لە خودی ڕاپەڕینەکە گەورەتر بوو، هێندە بەسە کە بڵێین: ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوەی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە شاخەکانی کوردستانەوە گواستەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆکان، چونکە ئەندامانی بڕیار بەدەست لە نەتەوە یەکگرتوەکان و پایتەختە گرنگەکانی دونیادا وەك (لەندەن، پاریس و واشنتۆن) ئەم ڕووداوە گرنگە سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشا بەرەو ئەو ڕاستیەی کە وەختە نەتەوەیەك قڕبکرێت (احمد، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن).

کۆڕەو ئەوکۆچە بەکۆمەڵە بوو کە کوردەکانی عێراق لە ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سەدام حسێنەوە گرتیانەبەر، بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا هەڵهاتن (عەبدوڵا، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

کەواتە کۆڕەو: ڕاپرسیەکی خەڵکی کوردستان بوو لەبارەی نەك هەر ڕەدکردنەوەی دەسەڵاتی بەعس بەڵکو ئیتر خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین لەژێر سایەی هیچ دەوڵەتێکی ستەمکاری عەرەبیدا بژین (سابیر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

لەدوای ساڵی (١٩٩١) هوە وشەی کۆڕەو هاتە ناوفەرهەنگی کوردییەوە ئەویش نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات، ئەم وشەیەیان بەکار دەهێناو دواتریش چووە ناو ڕاگەیاندنەوە، پاشان کۆڕەو وەکو وشەیەکی جیهانیش بریتییە لە جێهێشتنی وڵات یاخود نیشتمان بەهۆی زەبرێکی کۆمەڵایەتی، یان شارستانی، یان زەبرێکی سەربازی و سیاسی کە نیشتمان بەجێدەهێڵێ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، بە هۆکاری ئایینی و سەربازی و کوشتن و ئابوری و سیاسی، کەواتە کۆڕەو هەرچەندە بریتییە لە کۆچێکی بە کۆمەڵ و بە لێشاوی مرۆڤەکان بەرەو وڵاتانی دیکە و جێهێشتنی زێدی خۆیان، ئەوەندەش بریتی بوو لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەڵام بەشێوازێکی زۆر سروشتی و کۆدەنگییانە، کە زۆر کاریگەری لەسەر ڕای گشتی جیهان جێهێلا و هەڵوێستی زۆربەی وڵاتە زلهێزەکانی وروژاند بەرامبەر بە پرسی کورد (جەبار، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، دیارە ئەم دەستەواژەیە جیا لە کۆڕەو وشەگەلی تریشی بۆ بەکاردەهات لەوانە لەنێو خەڵکی گشتیدا هەڵاتهەڵاتی پێدەگوترا (احمد، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن).

کۆڕەو بەمانای کۆچی بەکۆمەڵ، چەندین جۆری هەیە، لەخۆشی و ناخۆشیدا زیاتر کەباس لە کۆڕەو دەکرێت مەبەستمان کۆڕەوی نیسانی(١٩٩١)، کە زۆربەی هەرە زۆری کورد لە پاش فشارێکی سەختی حکومەتی عێراق لە کەرکوکەوە بە هەموو لایەك دەستی پێکرد، ناچار

**خەڵکی کوردستان کۆڕەوەیان کرد، ئەمەش بوو بەهۆی باش شکاندنەوە بۆ ڕای گشتی جیهان لە بەرژەوەندی کورد (ڕەئوف، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). کۆڕەو یەکێك بوو لە گەورەترین شۆڕشەکانی کورد، بەڵام شۆڕش بەواتا شۆڕشگێڕی و چەکدارییەکەی نا بەڵکو بە واتای جێهێشتنی وڵات و دانەدوواوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق، ئەم ڕووداوە نەك تەنها ناوچەکەی هەژاند، بەڵکو تەواوی جیهانی هەژاند، زیاتر لە (٢) ملیۆن کورد ڕەویان کرد، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی کە ئەمەریکا پاشگەز بووەوە لە هاوکاری ڕاپەڕیوەکان و حکومەتی عێراق گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا و دەستی کردەوە بە لێدانی کورد، چونکە خەڵکەکە ترسان کە جارێکی تر چەکی کیمیایی دژیان بەکار بێنێتەوە و جینۆسایدیان بکات (علی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن). کەواتە کۆڕەو بریتی بوو لە شێوازێکی ژیاریی نوێی خەباتی گەلی باشووری کوردستان دژی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان.**

## تەوەری دووەم: هۆکارەکانی کۆڕەوی باشووری کوردستان:

**ڕاپەڕینی (١٩٩١) بەپاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی دژ بە حکومەتی عێراق ئۆپەراسیۆنەکانیان ئەنجام دەدا. بۆیە ڕاپەڕین لە ٥ی ئازاری (١٩٩١) لە شاری ڕانیەوە دەستی پێ کرد و تاوەکو ٢١ی ئازاری ١٩٩١ لەپاش ئازادکردنی کەرکووک کۆتایی هات، بەمەش دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق لە باشووری کوردستان کرانە دەرەوە و زۆرترینی هێزە چەکدارەکانیان هەڵهاتن یان کوژران و بە دیلگیران. چەند ڕۆژێک پاش ڕاپەڕین، وەک وەڵامێک حکومەت عێراق بە سوپایەکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد و بەمەش ڕاپەڕین شکستی هێنا و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد، کە تێیدا خەڵکی کوردستان ئاوارەبوون بەرەو سنووری وڵاتانی دراوسێ، ئەمەش بەکۆڕەوە مەزنەکە ناونرا. گرنگترین هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی باشووری کوردستان[1] ئەمانەی خوارەوەن:**

**یەکەم/ هۆکارە ناوخۆییەکانی کۆڕەوی باشووری کوردستان:**

1. **لەبەر ئەوەی کورد لە ڕابردوودا چەندین تاقیکردنەوەی تاڵی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبووە لە ئەنجامدا سەدان هەزار شەهید و هەزاران گوند کاولکراون، بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو گەلی کوردی ترساند، کە جارێکی تر حکومەتی عێراق کورد کۆمەڵکوژ بکات (ڕەسول، ٩٩٤: ل٤٣-٤٤).**
2. **بۆیە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێشتر بیریان لەوەنەکردبووەوە سوپای نیشتیمانی دروست بکەن کە لەژێر فەرماندەیی یەك سەرکردایەتی شارەزادا بێت کە باش هەڵی بسوڕێنێت، کاتێك کەرکوك ئازاد کرا، هەر حزبە و بۆ خۆیی بڕیاری دەدا میلیشیای بێ سەروبەری دروست دەکرد و دەی جوڵاند، لەکاتی ڕاپەڕیندا نەتوانرا وەك پێویست هێزی تازە هاتووی ناو پێشمەرگە ڕێکبخرێت (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل١٠٥) ، نەدەتوانرا وەك پێویست سود لەو چەك و تەقەمەنیانەی کە دەستی بەسەردا گیرابوو وەربگیرێتەوە، دواتر سوپایەکی بەهێزی پڕ چەکی لێ ئامادە بکرێت ئەمەش بۆ خۆیی هۆکارێکی سەرەکی تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکە بوو لەڕووی سەربازییەوە (احمد، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن). نەبوونی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەر و هێزی پێشمەرگە نەتوانن بەرگری لە هێرشەکانی داگیرکەر بکەن، کە پێداویستی بەپیلانی پێشکەوتووی سەربازی و بەکارهێنانی چەکی قورس و نوێ هەیە، گرتنی ئەو هەموو تانك و زرێپۆش و دژە ئاسمانی و تۆپە قورسانە، لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا دەستکەوتی سەربازی زۆر مەزن بوون، بەڵام کادیری سەبازی پێویست بۆ بەکارهێنانی ئەو چەکانە و لە مەزنێتی ئەو چەکانەیان هێنایە خوارەوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەیتوانی بۆ بەرپەرچدانەوەی دژە هێرشەکانی ڕژێم بەکاریان بهێنێت، (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).**
3. **کەواتە پێکهاتەی (بەرەی کوردستانی[2]) لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەیەکی "تێگەیشتن و ڕەزامەندیەکی دەروونی لەناخەوە" نەبووە لەنێو لایەنە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانیدا کە چەندین ساڵ بوو (لەشەڕی ناوخۆشدا) بوون، بڕینێکی گەورە لەنێوانیاندا بوو هەربۆیە بە ئاسانی ساڕێژ نەدەکرا خۆیان لە کوردستاندا بەرنامەیان بۆ دانەنابوو، بەڵکو پاش شکستی هەموو لایەنەکان و دوای کارەساتی ئەنفال لە (١٩٨٨)وە پەنابردنیان بۆ (حکومەتی ئێران) کە ڕێکیان بخات و مەرجەکانی بەرژەوەندی ئێران لە ئاشتیەکەیدا پارێزراو بێت، کە ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی هەموو کاتێك چاوەڕوانی تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی لێ بکرێت (حاجی مشیر، ٢٠٠٣: ل ١٧). بەرەی کوردستانی بەرنامەی تەواوی بۆ ڕزگار کردنی کەرکوك پێ نەبوو، هەر حزبە و بۆ خۆی لەم پەڕی ڕاست بۆ ئەو پەڕی چەپ لە هەموو گەڕەکەکاندا چەندین بارەگای حزبیان کردەوە بەبێ ئەوەی هیچ پارتێك ئاگای لەوی تر بێت (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل ١٠٥). لە بنەڕەتدا بەرنامەی ڕاپەڕین وەك (بەرەی کوردستانی) بەرنامە ڕێژی وردبینانەی بۆ نەکراو تەنها یەکێتی باوەڕی بەڕاپەڕین هەبوو لەپێشدا، بەرنامەی خۆی بۆ دانا بوو لایەنەکانی تر بەرنامەی هاوبەش وتۆکمەیان نەبوو لەگەڵ یەکێتیدا بۆیە هەر لەدڵەوە پێیان خۆش نەبوو بەرنامەی یەکێتی قبوڵ بکەن و بەرەو سەرکەوتنی بەرن (حاجی مشیر، ٢٠٠٣: ل ١٥٧).**

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ڕاپەڕین بڕوانە (مستەفا، ١٩٩١: ل١١١-٢٠٠٠)

[2] بەرەی کوردستانی لە (٨) حزبی باشووریی کوردستان پێکهاتبوو ئەوانیش (یەکێتی نیشتمان کوردستان)، (پارتی دیموکراتی کوردستان)، (حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان)، (پارتی سۆسیالیستی کورد)، (پارتی گەل)، (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، (حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق) و(بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری)، لەڕۆژی ٢ی ئایاری ١٩٨٨ ڕاگەیەندرا. مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کارو خەباتی پێکەوەیی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق کە لەو سەردەمەدا کردەوە دژ بە مرۆڤایەتییەکانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی گەیاندبووە ئەوپەڕی دڕندەیی. ڕاگەیاندنی ئەم بەرەیش لە کاتێکدا بوو کە لەدوای پرۆسەیەکی ٧ قۆناغی لە باشووری کوردستاندا لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری بەعس بە ناو پرۆسەیی ئەنفال زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کوردیان زیندە بەچالکرد و سەدان گوند و لادێ و شارۆچکەی کوردستانیان وێران کرد و دەیان هەزار کەسیان ئاوەرەی ئۆردوگا زۆرەملیکانی خۆیان کرد. (کۆمەڵێك نوسەری کوردو بیانی، ١٩٩٨:ل٤٨-٤٩)؛ (لیزنبیرگ، مۆر،ب.س: ل٢٤).

**ڕووداوەکانی ئازاری (١٩٩١) چ لەسەر ئاستی جیهانی چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی زۆر خێرابوون، کە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە ماوەی سێ هەفتەدا ئازادکران، کە لەو ماوەیەدا بەرەی کوردستانی نەیتوانی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێکبخات، زۆربەی ناوچەکان بەبێ دەستوور و یاسا مانەوە و بەمەش پاشاگەردانی زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە لەبەر خێرایی تێپەڕینی ڕووداوەکان (ڕەئوف، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).**

٤. **دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابورییەی کە دەوڵەتانی هاوپەیمانان بەسەر عێراقدا سەپاندبوویان و کەمی دەرامەتی لۆجستیکی شۆڕشی کورد و ئەو حزب و ڕێکخراوانەی کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا بوون، نەدەتوانرا پێداویستییە جەنگی و بژێویەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە و جەماوەر دابین بکەن، کەواتە بوونی گرانی هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی ڕاپەڕین سەرکەوتوو نەبێت (شێخ مصطفى، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).**

٥. **ڕێکنەخستنی جەماوەر بە چاکی بەردەوامی گیانی بەرەڵایی و بەربڵاوی لە کاروبارەکاندا، لاوازی کۆنترۆڵکردنی بەرەی کوردستانی بەسەر ڕوداو ڕاپەڕینەکەدا وەستانی ڕاپەڕین کە بووە هۆی خۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی ڕژێم و گرتنەوەی شارەکانی(کەرکوك، هەولێر، سلێمانی ودهۆك) (مەرزنگ، ٢٠٠٤: ل١٩٩).**

٦. **تێکەڵ بوونی (پێشمەرگە، جەماوەر و چەکداری دیکە) زۆر کرداری خراپ و نالەبار لە کوردستاندا ڕوویدا، بەتایبەت لەناو شارەکاندا بەناوی پێشمەرگەوە ئەنجامیان دەدا، زۆرجار خەڵکانی تربوون، هەربۆیە زۆر کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر ناوبانگی پێشمەرگە "ئەو بەها و پیرۆزییەی" جارانی نەما (سەنگاوی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).**

٧. **رزگارکردنی کەرکوك ڕاپەڕینی کوردی لەگەڵ ڕژێمدا یەکلا کردەوە بەهۆی گرنگی ئەو شارەوە، بەڵام بەرەی کوردستانی گرنگییەکی ئەوتۆی بە کەرکوك نەدا، بەهۆی گرنگی و بایەخی کەرکوك حکومەتی عێراق گەورەترین هێزو تانك و زرێپۆش و فڕۆکەی لە کەرکوك جێگیرکرد بوو، لەکاتی ئازادکردنی شاری کەرکوك بەرەی کوردستانی نەیتوانی ئەو هەموو دەستکەوتەی کە لە کەرکوك بەدەستهات بەکاری بهێنن، تەنانەت دەسکەوتەکان فڕۆکەشی تێدا بوو، بەڵام هێزەکانی بەرە نەیان توانی سەرجەمی دەسکەوتەکان دووربخەنەوە بۆ شوێنە دوورەکان یان لەناوی بەرن، لەبەر ئەوە لە کاتی گرتنەوەی شاری کەرکوکدا دووژمن هەربەو چەکانە کەوتنە لەناوبردنی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەریوو (کۆچێرا، ٢٠٠٢: ل١١٠-١١١).**

٨. **نەگرتنی شاری موسڵ کە بۆ عێراق زۆر گرنگ بوو بڕیاربوو هێزەکانی (پ.د.ك) ئازادی بکەن، لە کاتێکدا کە ((یەکێتی نیشتمان کوردستان) کەرکوك ئازاد دەکات، بەڵام ئەم بڕیارە وەك خۆی جێبەجێ نەکرا و بە ئازادکردنی موسڵ کاری دەروونی دەکردە سەر بەغداد و بەغدادیش ڕاپەڕینی لێ سەرهەڵدەدا، بەڵام نەگرتنی ئەم شارە بووە هۆی شکستی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی حکومەتی عێراق (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل١٠٦).**

٩. **بەهۆی لێبووردنی گشتی و کردنەوەی دەرگای حزبەکان لەسەر پیاوخراپان کە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد بوون ئەمەش کاری کردە سەر ساردبوونەوەی جەماوەر و پاك نەکردنەوەی ناوچە رزگار نەکراوەکان لە پیاوانی ڕژێم، کە بوونە (تابوری پێنجەم[٣]) لەپشتی بەرەی شەڕەوە بۆ هێزەکانی دوژمن، لەکاتێکدا پێویست بوو دەزگایەکی دادگەری بۆ تاوانەکانیان دابمەزرێت (مەرزنگ، ٢٠٠٤: ل١٩٩-٢٠٠).**

١٠. **چونکە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکەوە جەماوەری کورد هەوڵی خۆ چەکدار کردنی دا، بەمانای زۆربەی ئەو کەسانەی کەچەکدار بوون و خۆیان بەپێشمەرگە دەزانی لە ڕاستیدا وانەبوون، کەسانی سادە و بێباوەڕ بوون، هەربۆیە لەکاتی دژە هێرشەکانی بەعسدا هەموویان هەڵهاتن (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٤٧-٤٨).**

١١. **بە هۆی ئەو بەرگرییە زۆرەی هێزەکانی ڕژێم لە (معسكر خالد[٤]) کردیان دژی هێزەکانی پێشمەرگە هەرچەندە پێشمەرگە چەند جارێك هێرشیان کردە سەر ئەم سەربازگەیە و سەرەتا لە چەند قۆڵێکیشەوە سەرکەوتن، بەڵام دواتر بەهۆی گەورەیی سەربازگەکە و زۆری هێزەکانی دوژمن و قورسی ئەو چەك و کەلوپەلانەی لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە بەکاریان ئەهێنا سەرئەنجام ئەم سەربازگەیە نەتوانرا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ بکرێت و دواجار ڕۆڵی گەورەی بینی لە شکستی ڕاپەڕین و گرتنەوەی شاری کەرکوك (مەهدی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).**

١٢. **نەبونی هاوکاریی پێویست لەنێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانیدا زۆربەی کارەکان هەر بەناو بەناوی بەرەی کوردستانییەوە ئەنجام دەدران، ئەگینا بەداخەوە هەرلایەنێك بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبی خۆی کاری دەکرد، زیاتر حزبەکان بۆ چارەسەرکردنی**

[٣] تابووری پێنجەم: بەو دەستەشاراوە نێوخۆیانە دەوترێت کە دەستیان لەگەڵ دوژمن تێکەڵکردوە لەو دیوی بەرەی شەڕەوە خەریکی کاری تێکدەرانەن ئەم زاراوەیە یەکەم جار لەکاتی شەڕە ناوخۆیەکانی ئیسپانیادا لە ساڵەکانی (١٩٣٦- ١٩٣٩) هاتە ئاراوە لەم کاتەدا ژەنراڵ " فەرەنکۆ " بەپشتیوانی هێزەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لەدژی خەڵکی ئیسپانیا دەوڵەتی کۆماری تازە دامەزراودا شەڕی دەکرد، ژەنراڵ مولی، یەکێك لەفەرماندەکانی سوپای فەرەنکۆ بەچوار لەشکری سوپاوە بەرەو مەدرید بەڕێکەوت تا کۆماری خوازەکان تێکبشکێنێت. لەم کاتەدا ڕای گەیاند کە من لەشکری " تابوریك "ی پێنجەم لەناو مەدریدا هەیە مەبەستی ئەو لەتابوری پێنجەم ئەو خائینانەبوون کە لەناوشاردا لەدژی خەڵك و بەقازانجی دووژمن کاریان دەکرد زاراوەی تابووری پێنجەم ئەمڕۆکە بەخائین ودەست وپێوەندیەکانی دووژمن لەناوحزبێك یان ڕێکخراوێك یان وڵاتێك دەگوترێت. (محمدی وحاجی زادە،٢٠٠٦: ل، ٦٥؛ (قانع،١٩٨٤:ل٩٦-٩٧.

[٤] معسكر خالید: یەکێکە بوو لە سەربازگە گەورەکانی عێراق، کە شوێنەکەی دەکەتە ڕۆژئاوایی کەرکووکەوە. ساڵی ١٩٩١ دوای ئازادکردنی زۆرینەی ناوەندە سەربازی و ئەمنیەکانی بەعس لە کەرکووک هێرش بۆ ئەو سەربازگەیە کراو بەشێکی ئازادکرا، بەڵام نەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت بە تەواوی، ئەمەش فاکتەرێک بوو بۆ شکستی ڕاپەڕین باشووری کوردستان و دواتریش سەرەتایەک بوو بۆ کۆڕەو. (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل، ٩٦-٩٧).

**کێشەکانی خۆیان هەوڵیان دەدا نەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان، (عوسمان، ۲۰۰۸: چاوپێکەوتن).**

**۱۳. نەبوونی ڕاگەیاندنێکی یەکگرتووی بەرەی کوردستانی تاوەکو جەماوەری بە باشی ڕێکی بخستایە، ئەوە ڕاستە مەودای ڕاپەڕینەکە زۆر کورت بوو، بەڵام کاروباری ڕاگەیاندن و ڕای گشتی بڕبڕەی پشتی ڕاپەڕین و شۆڕشە. لەو ماوەیەدا لایەنەکانی بەرەی کوردستانی نەیان توانی چەند بڵاوکراوەیەکی وادەربکەن کە ڕاپەڕینەکە لەلایەنی جەماوەرەوە بەها دارتر بێت (ڕەسول، ۱۹۹٤: ل٥٠). هەرچەندە ئێزگەی گەلی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕاپەڕیندا، بەڵام زمان حاڵی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بوو. نەك بەرەی کوردستانی.**

**۱٤. کادیرو فەرماندەکانی بەرەی کوردستانی لەچەند ساڵی ڕابردوودا شەڕیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا تەنها شەڕی پارتیزانی بوو، شارەزای شەڕی بەرەیی نەببوون، هەربۆیە کە هێرشی دوژمن دەستی پێکرد بەرەو شارەکان هەر زوو شکان و بەرگریان پێ نەکرا (حاجی مشیر، ۲۰۰۳: ل۱۷٦).**

**۱٥. (جاشەکان[٥]) کە دەورێکی بەرچاویان لە ڕاپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری مانگی مارسدا گێڕا، بەڵام پاش ئەوەی خرانە جێگای پێشمەرگە بە بڕیاری بەرەی کوردستانی، ئەوان لە توانای جەستەیی و جەنگی پێشمەرگە بەهرەمەند نەبوون و وەکو ئەوانیش نەیان دەتوانی لەژێر فەرمان و ڕێکخستندا بن و بەم جۆرە ئەوان لە دوای هێرشی حکومەتی عێراق و گاردی کۆماری بۆ سەر ڕاپەڕین نەیان توانی بەرگری بکەن و هەر زوو شوێنەکانیان چۆڵ کرد (کۆچێرا، ۲۰۰۲: ل۱۱۰).**

**۱٦. ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و حکومەتی بەعسدا هەبوون بەتایبەت لە ڕووی ژمارەی سەربازەوە کە دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکانی باشوری عێراق هەمموو ئەم سەربازانەش زیاتر لە هێزە تایبەتەکانی حکومەتی عێراق کە زیاتر لە هێزەکانی (هێزی تایبەت "قوة الخاصة" و پاسەوانی کۆمار "حرس الجمهور") پیکهاتبوون (مەلا قادر، ۲۰۰۷: چاوپێکەوتن)، کە هێزێکی بەهێزو کاریگەر بوون لە شکستی ڕاپەڕین و دروستبوونی کۆڕەوی باشوری کوردستاندا لە (۱۹۹۱)دا.**

**۱۷. لە ئەنجامی شکستی ڕاپەڕین کۆڕەو دروست بوو کە ئەمەش فاکتەری سەرەکی بۆ ترس دەگەڕایەوە، لەبەر ئەوەی کە ستەمی حکومەتی عێراق زۆر بوو لەسەر خەڵك لەڕاپەڕیندا کەبەشی هەرە زۆری خەڵك بەشداری ڕاپەڕینیان کردبوو بەدەگمەن خەڵك هەیە بەشداری ڕاپەڕینی نەکردبێت، چ ئەوەی لەگەڵ حکومەت بوو، چ ئەوەی دژی حکومەت بوو، بەشداری ڕاپەڕینیان کرد، پاش ئەوەی عێراق خۆی کۆکردەوە و دەستی کرد بەهێرشکردن بۆ سەر کوردستان، خەڵك ترسا کە حکومەتی بەعس تۆڵە لە خەڵکەکە بکاتەوە، هەربۆیە خەڵکەکە ڕایان کرد، کەواتە ترس هۆکارێکی هەرە سەرەکی بوو لە دروستبونی کۆڕەودا (فتاخ، ۲۰۰۷: چاوپێکەوتن).**

**بێگومان زۆربەی سەرچاوەکان و ئەو کەسانەشی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا ئەنجامداوە هۆکاری هەرە سەرەکی بنەڕەتی دەگێڕنەوە بۆ ترس لە بەعس، ترس لە جینۆسااید و دەیان وێنەی تراژیدی ترسناك لە سەریاندا بوو، ترس پاڵنەری سەرەکی یەك بەیەکی ئەو مرۆڤانە بوو کە ئەیانویست گیانی خۆیان و منداڵەکانی لە هێزە چەکدارەکانی سەدام حسێن و حزبی بەعس ڕزگار بکات.**

**۱۸. بوونی ڕژێمێکی سیاسی نادیموکراسی و دیکتاتۆر کە پێشێلکار بێت بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە حاڵەتی ڕوبەڕوو بونەوە و شۆڕشدا دووچاری شۆرش و شکست و سەرکوتکاری بووبێتەوە، ناچار بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی خۆیان و ڕاکێشانی ڕای گشتی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەنا بۆ ڕەوێکی بەکۆمەڵ بەرن وەك ئەوەی بەهاری( ۱۹۹۱ )خەڵکی کوردستان پێی هەستان (محمود، ۲۰۰۷: چاوپێکەوتن).**

**۱۹. فاکتەری خۆبەدەستەوە نەدان بەدەسەڵاتی دیکتاتۆری حکومەتی عێراق بەهۆی بێ متمانەیی بەو دەسەڵاتە بۆ پاراستنی کەرامەت بە هەمموو مانا ڕۆژهەڵاتیەکەی (جەباری، ۲۰۰۷: چاوپێکەوتن).**

**۲۰. کەمی هێزەکانی پێشمەرگەی کە دابەش ببوون بەسەر چەند سنوورێکی فراواندا کە لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین بەهۆی ڕزگار کردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان بەگشتی (کابان، ۲۰۰۷: چاوپێکەوتن).**

**۲۱. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێکهاتبوو لە هێزەکانی بەرەی کوردستانی توشی شکستێکی گەورە بوون لەدوای ڕاپەڕین، لەڕووی سیاسی، سەربازی و دەروونییەوە (حمد، ۲۰۰۷: چاوپێکەوتن).**

**دیارە ترس لە حکومەتی عێراق بێ هۆکار نەبوو، چونکە کورد ئەزموونی ڕابردووی هەبوو لەگەڵ تەواوی حکومەتە جیاوازەکانیدا بۆ نمونە:**

**یەکەم . ئەنفال: بەواتای غەنیمە و دەسکەوت دێت یان تاڵانی جەنگ (دزەیی، ۲۰۰۱: ل۲٥)، کارەساتی ئەنفال یەکێك بوو لەو تاوانە گەورانەی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە و بەتاوانی جینۆسااید ئەژمار دەکرێت کامپینی ئەنفال چوار مانگ پاش سەرژمێریەکە لە فێبریوەری(۱۹۸۸)دا بە هێرشێکی زۆر گەورە بۆ سەر بارەگاکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە سەرگەڵ و بەرگەڵو دەستی پێکرد، ئەنفال بە هەمووی هەشت قۆناغ بوو، حەوت لەم قۆناغانە ڕووبەڕووی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (یەکێتی نیشتمان کوردستان) بووەوە. سەبارەت بەژێر کۆنترۆڵی (پ.د.ك) لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق کە ڕژێم بەهەڕەشەی کەمتری دادەنا ئەمانەش مەبەستی دواقۆناغی ئەنفالی ئۆپراسیۆنەکە بوون، لە کۆتایی سێپتەمبەری( ۱۹۸۸ )دا (ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، ۲۰۰۰: ل۳٦).**

---

[٥] جاش: ناوێکە لە کوردیی بۆ کەسانی خۆبەداگیرکەر فرۆش بەکاردێت، وەک زاراوەیەک بۆ خۆفرۆشانی هاوزمان چەسپیوە. سەبارەت بەڕەگی وشەکە چەند بۆ چونێك هەیە: لە مارە بەجاشەوە هاتووە کە پیاوێك لە ژنەکەی جیاببێتەوە ودوای پەشیمان بێتەوە ئەوا ژنەکە لەپیاوێکی بێگانە مارە دەکەن و دوای داوای لێدەکەن بۆ مێردە کۆنەکەی دەستبەرداری بێت، بۆچونێکی تر خەڵك ئەو چەکدارانەیان بەجاشە کەر چواندووە کە بەدوای ماکەرەوە دەڕۆن، ڕایەکی تر ناوەکە لە وشەی عەرەبی (الجیش، جاش) هاتبێت بە واتای سوپا. (هەرشەمی، ۲۰۲۲: ل۹۰۸-۱۰۹)، لەو ماوەیەشدا ئەم دەستەواژیە بۆ ئەو کوردانە بەکاردەهات کە چەکداری سەر بە حیزبی بەعش بوون و دژ بە پێشمەرگە شەڕیان دەکرد کە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بە فرسان یان جحافل خفیفە دەناسران.

دووەم: کیمیایی باران کردنی هەڵەبجە: ڕژێمی عێراق یەکەم ڕژێم بوو لە مێژوودا بە چەکی کیمیایی هێرش بکاتە سەر میللەتەکەی خۆی، لە (١٥/ ٤/ ١٩٨٧)دا فڕۆکەکانی عێراق گازی ژەهراویان بەردایە خوارەوە بۆ سەر بارەگاکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە زێوەشکانی لەپارێزگای دهۆك، بۆ سەر بارەگاکانی (یەکێتی نیشتمان کوردستان) لە هەردوو گوندی بەرگەڵ و و سەرگەڵو لە پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی دواتریشدا کیمیایی بارانکردنی گوندەکانی شێخ وەسانان و بالیسان کە زیاتر لە "١٠٠" کەسیان کوشت کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون (ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، ٢٠٠٠: ل٣٦). کیمیایی بارانکردنی سێوسێنان و لە دواجاردا ڕژێم لە (٣/١٦/ ١٩٨٨) دا شاری هەڵەبجەی بە یەکێك لە ترسناکترین گازە ژەهراویەکانی سیانیدا" بۆردومان کرد، لە ئەنجامی ئەم بۆدومانە بە چەکی کیمیایی (٥٠٠٠) پێنج هەزار شەهید و (٧٠٠٠) حەوت هەزار بریندار بوون (ساڵەح، ٢٠٠٤: ل٣٣٢، گۆڤاری ئەنفال؛ نەجمەدین، سلێمانی: ل٢٧، گۆڤاری پەیامی ڕاستی).

سێیەم: ئۆردوگای زۆرە ملێ: پێش کۆڕەو لە کوردستاندا، نزیکەی(٨٠) ئۆردوگای زۆرەملێ دروستکرابوو و ئاوەدانی لە لادێکاندا نەمابوون، حکومەتی بەعس هەموو جوتیارەکانی ڕاگواستبوو، بەمەش ناوچەکان چۆڵ بوون، وە چەوساندنەوەیەکی زۆر هەبوو هەرچی گومانیان لێبکردایە دەیانگرت و لە سێدارەیان دەدا، لەبەر ئەوەی دۆخی ترس و تۆقاندن و برسی کردنی خەڵك لەکایەدا بوو (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). بەمەش بە ئاسانی دەستی دوژمنیان دەگەیشتێ، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ کۆڕەو.

چوارەم: بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان: بەپێی بڕیارێکی سەدام حسێن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەموو عێراقییەك کە تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵ بۆی هەیە داوا بکەن و ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن بەعەرەب (فەرەج و ساڵەح، ٢٠٠٣: ل٣٥)، تەعریب کردنی شار و شارۆچکە و گوند و ناوچەکانی کوردستان، بەدەرکردنی خەڵکی ئەو گوند و شار و شوێنانەی کە لە خاکی کوردستانن، هێنانی کەس و خێزان و هۆزی عەرەب لە ناوەڕاست و خواروی عێراق نیشتەجێ کردنیان لە ناوچە کوردنشینەکاندا (حاجی، ٢٠٠٤: ل٢٣).

پێنجەم: ڕووخاندنی گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان: لە ساڵی (١٩٨٨) زیاتر "١٥٠٠" گوند و شار و شارۆچکە ڕوخێنران ژمارەی پەڕاگەندەکان گەیشتە (٧٥٠) هەزار کەس لە دانیشتوان کە ڕەوانەی کۆمەڵگە زۆرەملێکان کران (تاڵەبانی و محمد، ٢٠٠٢: ل٢٤).

لە ئەنجامی پرۆسەکانی ئەنفال و ڕوخاندنی گوندەکان (٣٨٣٩) گوندی ئاوەدان لەگەڵ زەویدا تەخت کران (مینە، ١٩٩٨: ل٤٦)، ئەمە جگە لەوەی چەند شار و شارۆچکەیەکیش هلە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا خاپورکران و ژمارەی گوندە ڕوخاوەکانیش زیاتر لەو ژمارەییە کە دەگاتە (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج سەد گوندو شار و شارۆچکە وەك هەڵەبجە و پێنجوێن و سیدصادق و سیویل و قەڵادزێ و سەنگاو و قادرکەرەم و هتد.

دووەم: هۆکارە دەرەکییەکانی شکستی ڕاپەڕین و دروست بوونی کۆڕەوی باشووری کوردستان:

یەکەم: یەکێك لەو هۆکارانەی کە کوردی هاندا بۆ ڕاپەڕین وڵاتانی زلهێز بوو، بەتایبەتی ئەمەریکا کە لەکەناڵی ڕاگەیاندنەکانیەوە بڵاوی کردەوە کە مەبەستی سەرەکییان ڕوخاندنی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقە، بەڵام ئەمە لە ڕاستییەوە دوور بوو (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل١٠٠)، چونکە کاتێك کە بینرا ڕاگرتنی تەقە و شەڕ لەنێوان ئەمریکا و عێراق بەپێی ڕێکەوتنی (چادرگەی صفوان[٦]) کە نیشانەی پاشگەز بوونەوە بوو لە بەڵێنەکانی خۆی کە داوای لە گەلی عێراق دەکرد ڕاپەڕن، هەربۆیە نادیاری سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە زیانی گەیاند (مەرزنگ، ٢٠٠٤: ل١٩٩)، هەرچەندە لەلایەن هێزەکانی ژێر سایەی سەرکردایەتی ئەمەریکاوە، ئێزگەیەکی ڕادیۆیی بەڕێوە برا لەلایەن (CIA) هوە بەناوی (دەنگی عێراقی ئازاد) کە لەشاری جدەی عەرەبستانی سعودیەدا دامەزرا بوو، هانی ڕاپەڕینی کوردەکانی دابوو بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك، ئەوەش کوردەکانی گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە یارمەتی دەرەکیان پێدەگات ئەگەر ڕابەرایەتی ڕاپەڕینێك بکەن دژی حکومەتی عێراق (ئینتسار، ٢٠٠٤: ل٣٠٩-٣١٠)، بەڵام دواتر جۆرج بوشی باوك ڕایگەیاند کە ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەرکردنی حکومەتی عێراق بوو لە کوێت نەك ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق (سەردەشتی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، لەمەوە دەردەکەوێت کە ئامانج و بەرنامەی هاوپەیمانەکان ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق نەبوو، بەڵکو لاوازکردنی بووە.

لەگەڵ یەکەمین کۆبوونەوەی عێراق و ئەمەریکا لە (چادرگەی صەفوان)دا، گڵۆپی سەوزی بۆ عێراق هەڵکرد و ڕێگەی پێدرا کە کۆپتەر و تانك بەکار بهێنێت لە بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەمەش حکومەتی عێراق لە ماوەیەکی کەمدا توانی ڕێگە لەڕاپەڕینی خەڵك و دانیشتوانی بەغداد و ناوەڕاست بگرێ و ڕاپەڕینی شاروشارۆچکەکانی تریش دابمرکێنێتەوە. ئەو هەلە مێژوویەی خەڵکی کوردستانیش لە ڕوخاندنی حکومەتی عێراق لەبار چوێنرا (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل١٠٢-١٠٣)، "ئەزمونێکی تاڵ بوو، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی پێکەوە سەرۆك بۆشیان تاوانبار کرد کە خۆی داوای لەگەلی عێراق کرد لە دژی سەدام حسێن ڕاپەڕین" (ماکداول،٢٠٠٥: ل٦١٢)، بەڵام لە دانیشتنی (چادرگەی سەفوان) دا بەڕەسمی ڕێگە بەعێراق درا فڕۆکە و هێلیکۆپتەر لە ئاسمانی خۆیدا بەکار بهێنێت کە (سلطان هاشم) سەرۆکی وەفدی عێراقی دەکرد لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی (نۆرمان شوارزکۆف[٧]) کە بە ئاشکرا ڕێگەدرا بە بەکارهێنانی

[٦] ڕێکەوتننامەی چادرگەی سەفوان: دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەمەش زەرەر وزیانێکی گەورە تووشی سوپای عێراق هات، بەهۆی هێرشی هاوپەیمانان لەدژی عێراق لە جەنگی کەنداوی دووەمدا لە ١٩٩١ عێراق ڕازی بوو بەڕاگرتنی جەنگ مەبەستی دەرکردنی عێراق بوو لەکوێت. لە ڕیکەوتی ٣ ئازاری ١٩٩١ ڕێکەوتننامەی چادرگەی سەفوان واژۆ کرا لە شارۆچکەی سەفوان کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان عێراق وکوێت، لە نێوان هەریەك لەنۆرمان شوارزکۆف فەرمانەی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمیر خالید بن سوڵتان فەرماندەی هێزە عەربییەکان کە بەشدارییان کرد لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان کە هەردووکیان نوێنەری هاوپەیمانان بوون، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری عێراق ولیوا ڕوکن صلاح عەبوود فەرماندەی فیرقەی سێ سوپای عێراق و بە ئامادەبوونی یفگینی پریماکۆڤ کە نوێنەرایەتي ڕوسیای دەرکرد. وهەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ڕاگرتنی جەنگ و ئاڵو گۆڕکردنی دیل و داننانی عێراق بەسەروەری وڵاتی کویت وقەرەبوو کردنەوەی کوێت وکۆتایهێنانی عێراق بە بەرنامەی ئەتەمی و بایلۆژی و موشکی وڕازیبوون بەسەرجەم بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. (هیکل،١٩٩٢:ل١٩١؛ (الناهي، ٢٠١٣: ل٢٧٣؛ (علی، ٢٠١٣: ل.٢٧٠)

[٧] نۆرمان شوارزکۆڤ: لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٦ فەرماندەیی هێزەکانی ناوچەی ناوڕەاستی سوپای ئەمریکا بوو، ولەکاتی جەنگی کەنداوی دوەمدا لەساڵی ١٩٩١ بوو بەفەرماندەی

هێزە تایبەتەکانی سەدام و هێلیکۆپتەر بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەکانی عێراق، کە لە باشوور و کوردستانی عیراق دەستی پێکرد بوو (مێرگەسۆری، ٢٠٠٦: ڕۆژنامەی هەواڵ)، کەواتە پاشگەزبوونەوەی هاوپەیمانان لە هاوکاری نەکردنیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق و واڵاکردنی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان.

دووەم: بەهۆی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە کاروباری ناوخۆیی، لە ڕاپەڕینەکەی باشووری عێراقدا، بەمەش هاوپەیمانەکان ڕێگەیان بەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکاندا، چونکە دامەزراندنی ڕژێمێکی تری ئایینی هاوشانی ئێران دەبێتە هۆی لێدانی زیاتری بەرژەوەندیەکانیان لە کەنداودا، پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ڕاپەڕینەکەی باشوری کوردستان و عێراقدا، چونکە لاوازبوونی هەر لایەکیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕژێم بتوانێ تەواوی هێزەکانی لەدژی ئەوی تریان بەکاربهێنێت بەبێ ئەوەی سەرقاڵی لایەکی تر بێت. سەرەتا هەستا بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی باشوری عێراق، پاشان توانی تەواوی هێزەکانی بەرە و باشووری کوردستان بنێرێت (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٥٧). فاکتەرێکی بنەڕەتی لە شکستی ڕاپەڕین هاوکاریکردنی ئێرانە بۆ ڕاپەڕینەکانی عێراق چونکە ئەمە زیاتر مەترسی بۆ هاوپەیمانان دروستکرد زۆر دژایەتی هەبوو لە نێوان ڕۆژئاوا بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئێراندا، ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری سەرەکی بوو لە تێکشکاندنی ڕاپەڕینی باشووری کوردستاندا و دواتر دروستبوونی کۆڕەوی خەڵکی کوردستاندا.

سێیەم: گرێدانی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان بە ڕاپەڕینی شیعەکانی خوارووی عێراقەوە، ئەمەش ئەمەریکا و هاپەیمانەکانی هێنابووە سەر ئەو بۆ چوونەی هەردوو لا ئێران پشتیوانی لێدەکات، هەر بۆیە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی خوارووی عێراق لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرگریان نەکرد لە هێرشی سوپای عێراق بۆ پەلامارادانەوەی کوردستان (حاجی مشیر، ٢٠٠٣: ل١٧٧)، بێگومان ڕاپەڕینی (شیعەکان) لە خوارووی عێراق هاوکاری کرا لەلایەن ئێرانەوە، ئەمەش ترسی خستە دڵی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی کە لەو هەلومەجە شکاوەی حکومەتی عێراق گەر ئەو ڕاپەڕینە پەرەبسێنێت دوور نیە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی بەغداد ڕوو بدات و بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئێرانی ئیسلامی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژایەتی ئەمەریکا و ڕۆژئاوای دەکرد، ئەمەش مەترسیەکی گەورە بوو، هەربۆیە هەر زوو ڕێگەیاندا ڕژێمی عێراق کە هێز بەکار بهێنێت بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە بە پشتیوانی (تانك، زرێپۆش، تۆپ و هێلیکۆپتەر (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل١٧٣). بەشداری هێزی ئاسمانی داگیرکەر لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە و گرتنەوەی شارەکاندا، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش کە لەکاتی جەنگی کەنداودا دەرچوو بوو بەکار هێنانی ئەو چەکانە قەدەغەیە (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٤٠-٤١). ئەمەش یەکێك لە فاکتەرەکانی شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بوو چونکە هێزەکانی پێشمەرگە ئەو توانایەیان نەبوو بۆ بەرگریکردن دژی داگیرکەر.

چوارەم: ناڕاستی ئەو سەرژمێریانەی کە هێزەکانی هاوپەیمانان دژی عێراق بڵاویان دەکردەوە دەربارەی ئەو زیانە سەربازیانەی کە لەعێراق کەوتبوو لە جەنگی کەنداودا، بەتایبەتی لەبارەی هێزەکانی (گاردی کۆماری [8])یەوە، دەبوایە زۆربەی تێکبشکایە، بەڵام لەکاتی هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکان دەرکەوت هێشتا ڕژێم گوڕی سەربازی زۆری پێ ماوە بەتایبەت پێکهاتەی (الحرس الحدود[9]) کە تەواوی شارە گەورەکانی گرتەوە، لە کاتێکدا کە جەماوەری کورد بەپشتی تێکشکاوی هێزە سوپاییەکانی عێراقەوە ڕاپەڕین کرا (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٤٠) ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دروستبوونی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی باشووری کوردستان.

پێنجەم: کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هەرچەندە پشتگیریان لەڕاپەڕینەکەی (١٩٩١ )کرد، بەڵام ئەو پشتگریە تەنها لەچوارچێوەی ڕاگەیاندندا بوو، نەك پشتگیرییەکی سیاسیانە (سابیر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

شەشەم: ئەمەریکا ئەوکاتەی سەرکردایەتی هاوپەیمانەکانی دەکرد سیاسەتێکی هەیە هەمیشە سەیری بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات لەبەر ئەوەی ئەگەر پشتگیری ڕاپەڕینەکەی بکردایە لەوانەیە ئێران بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێت، ئەویش بەهۆی مەزهەبگەراییەوە (مەهدی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

حەوتەم: وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو لە ڕاپەڕینەکانی خەڵکی خوارووی عێراق و باشووری کوردستاندا ترسان، چونکە پێیان وابوو ئەگەر ڕاپەڕینەکە سەرکەوتوو بێت (ئێران) بەتەواوی بارودۆخەکەکۆنترۆڵ دەکات بەهۆی مەزهەبی شیعەوە چونکە هاوسۆزیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو، کە وڵاتانی کەنداویش سونە مەزهەب بوون، ناکۆکیەکی قوڵی مێژوویی لەنێوان ئەم دوو مەزهەبەدا هەیە، ترسیشیان لە ڕاپەڕینی کوردەکان هەبوو، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێك لە نیشتمانی عەرەب دابڕێت (عوسمان، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن). دەوڵەتی تورکیاش ترسی لەوە هەبوو کە دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤: ل١٠٣). بێگومان وڵاتە عەرەبیەکانی کەنداو لەناویاندا سعودیە مەترسیەکانی ئەم ڕاپەڕینانەی لە خودی صدام و ڕژێمەکەی بەزیاتر دەزانی چونکە ئەگەر ڕاپەڕینەکەی باشوور سەرکەوتوو بوایە ئێرانێکی تری شیعە دروست دەبوو، کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی سعودیە دروست دەکرد، بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردیش دیارە نیشتمانی عەرەبی بەبۆچوونی خۆیان توشی کەرت بوون دەبوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ شکستی ڕاپەڕین وکۆڕەوی کوردستان.

هەشتەم: ڕژێمی تورکیا بەشداریەکی گەورەی لە جەنگی کەنداودا کرد بەوەی فرۆکەخانەی سەربازی (ئینچەرلیك[10])ی خستە خزمەتی ئەو

---

هێزەکانی هاوپەیمانان کە بە گەردەلولی بیابان ناسرا، ولە ساڵی ١٩٩٢ خانەنشین بوو ولە ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد. https://ar.wikipedia.org/wiki/

[8] گاردی کۆماری: یەکێکە لە باشترین هێزە سەربازییەکانی عێراق لەڕووی ڕاهێنان وپڕچەککردن، ژمارەی ئەو هێزە لە نێوان ٦٠-٨٠ هەزار سەرباز بوو ولە دوو فەیلەق پێکدەهات وهەر فەیەلقێك سێ فیرقەی سەربازي بوو . دواین کەس کە فەرماندەی ئەو هێزەی دەکرد فەریق یەکەم ڕووکن سیف الدین ڕاوی بوو وقوسەی کوڕی سەدام سەرپەرشتی ئەو هێزانەی دەکرد. https://ar.wikipedia.org/wiki/

[9] هێزەکانی پاسەوانی سنور بەشێکی سەرەکین لەهێزە چەکدارەکانی عێراق سەر بە وەزارەتی ناوخۆن ئەرکیان پاراستنی سنورەکانی عێراقە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراق https://ar.wikipedia.org/wiki/

[10] بنکەی هەوایی ئەنجەرليك: بنکەیەکی هەواییە روبەرەکەی زیاتر لە (١٣٣٥ هێکتار) دەبێت و دەکەوێتە گەڕەکی ئەنجەرليك لەشاری ئەدەنەی تورکیا لەنێو ناوچەیەکی شارنشین،

جەنگەوە هاوپەیمانەکان، لەوێوە زەبری کاریگەریان لە دامەزراوە ئابوری و سەربازیەکانی عێراقدا. ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا یەکێکە لە ئەندامانی پەیمانی (ناتۆ) بەمەش بەرژەوندی تورکیا هاوچەشنە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی خۆرئاوا. هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان کارێکی زۆر نەرێنی کردە سەر بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا، بە تایبەتی یەکەم دەوڵەتە بەشێکی گەورەی کوردستانی خرابێتە سەر کە ئەویش باکووری کوردستانە (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٤٢). هەر بۆیە لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستاندا بوو پشێوی نا ئارامی خەریك بوو لە تورکیاش دروست بیت و چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە دەکرا لە باکووری کوردستاندا دروست بێت، لەبەر ئەوە تورکیا بە سەرۆکایەتی (تورکت ئۆزاڵ[11]) کەوتە خۆیی تاوەکو ئارامی ناوچە کوردییەکان بپارێزێت، تورکیا دانی بە بوونی کورد و زمان و فەرهەنگ وشوناسی کوردنا (جوندیانی، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

نۆیەم: نەبوونی بەرنامەیەکی دارێژراو بۆ ڕاپەڕین لە عێراقدا لەنێوان هەردوو ڕاپەڕینەکەی (خواروی عێراق) و (باشووری کوردستان)دا وە هیچ پەیوەندیەکیشیان لە نێواندا نەبوو کە خاڵێکی لاوازی ڕاپەڕینەکانی (خواروی عێراق) و ڕاپەڕینی (باشووری کوردستان) بوو (ئاغجەلەری، ٢٠٠٤:ل١٠٤)، چونکە حکومەتی عێراق سەرەتا هەستا بە لەناوبردن ڕاپەڕینی شیعەکان، ئینجا هێرشەکانی بۆ باشووری کوردستان دەستپێکرد (عبدالله، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). لەبەر ئەوە فاکتەری دەرەکی بەهێز بۆ شکستی ڕاپەڕینەکانی کوردستان سەرکەوتنی حکومەتی عیراق بەسەر ڕاپەڕینی شیعەکانی باشووری عێراقدا بوو (سەردەشتی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

دەیەم: کاتێك عێراق لە کوێت دەرکرا لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە کاتی ئەوە هاتبوو دەوڵەتی عێراق بڕوخێ، بەڵام دەبینین کە چەندین پرۆتۆکۆڵ و هاوپەیمانی گەورە لەنێوان عێراق و وڵاتە زلهێزەکان لەوانە (فەرەنسا – بەریتانیا- ئەڵمانیا – ڕوسیا) بەسترابوو، جا ئەم پرۆتۆکۆڵانە بۆ مەبەستی سیاسی، سەربازی و بەرژەوەندییە ئابوریەکانی هەردوولا بێت هەموو ئەم ڕێکەوتن نامانە وایان لە هاوپەیمانەکان کرد کە واز لە ڕووخاندنی

حکومەت بهێنێت بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان (جەبار، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

یازدەیەم: ڕۆڵی (مجاهدینی خەلق[12]) لە شکستی ڕاپەڕین: مجاهدینی خەلق کە مەسعود ڕەجەوی و مەریەمی هاوسەری ڕێبەرایەتیان دەکرد ڕۆڵێکی زۆر خڕیان گێڕا لەدژی هێزەکانی پێشمەرگە لەڕاستیدا ئەوان بەشێك بوون لە هێزەکانی عێراق کە خاوەنی ئیمکاناتی زۆر باش بوون هەموو چەکەکانیان هی سوپای عێراق بوو لەچەکە پێشکەوتوەکان بوو وەك (دەبابە ومودرەعە. هتد) کە تەنها فڕۆکەیان پێ نەبوو، مجاهدینی خەلق هەر لەطوز خورماتوو تاوەکو خانەقین هێڵێکی بەهێزیان دروستکرد بوو بۆ بەرگری لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، ئەوان لە ناوچەکانی جەلەولا هێرشیان کردە سەرمان، لە جەلەولاوە بۆ کەلار، لە خانەقینەوە بەرەو مرواری، لە قەرەتەپەوە بەرەو بان ئاسیا لەوێوە بەرەو کەلار، هەروەها لە قۆڵی کفریەوە توشی شەڕێکی قورس بوو بووین، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیان تێکیان بشکێنن (سەنگاوی، ٢٠٠٥: ل٢٠٩) هەربۆیە ئەوان ڕۆڵیکی گەورەیان گێڕا لە پەلاماردانی هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل ئەتوانم بڵێم سەدان پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بەدەستی مجاهدینی خەڵق شەهید و بریندار کران، تەنانەت تاوەکو ئێستاش تەرمی هەندێکیان دەست کەسوکاریان نەکەوتوونەوە. ئەوان بوونە هۆی ئەوەی پێشمەرگە پاش ئەوەی خانەقین وطوزخوماتوو ئازاد کرد بەرەو ئەوە ڕۆشتن ناوچەکانی دیکەش ئازاد بکەین، مجاهدینی خەلق ناوچە ئازادکراوەکانیشیان لەژێر دەست دەرهێنایەوە (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، "کە گەیشتینە بان ئاسیاو (٦٥)پێشمەرگە شەهید بوون تەنها دوانیان لەگەڵ من شەهید بوون و ئەوانی دیکەیان لە شوێنە جیا جیاکانی بەرەکان شەهید بوون هەر لە تیپەکەی (مەلا ئەحمەد) زیاتر لە (٣٠) پێشمەرگە دیار نەبوون کە (١٧) کەسیان شەهید بوون هەندێکیان ونبوون و هەندێکی دیکەیان کەوتبوونە دەست مجاهیدین" (سەنگاوی، ٢٠٠٥: ل٤١١)، ئەگەر مجاهدینی خەلق نەبوایە ئەوا پێشمەرگە تاوەکو (جبل حمرین) دەرۆشتین و هەموو ناوچەکانمان ڕزگار دەکرد، ئەوان هەمیشە دژایەتی ڕاپەڕینیان دەکرد و پەلاماری سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگەیان دەدا، چەندین شەڕی قورس لەنێوان پێشمەرگە و هێزەکانی مجاهیدینی خەلقدا دروست بوو، دواجار چەندین پێشمەرگە شەهید بوون، بۆ نموونە شەهید بوونی شەهید (حەمە ڕەش) کە یەکێك بوو لە فەماندەکانی پێشمەرگە بەدەستی هێزەکانی مجاهیدین شەهید بوو (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، مجاهدینی خەلق پەلاماری کەلاریاندا و دەبابە و ناقیلەیان هێنایە ناو کەلارەوە دەیان کەسیان لە کەلار بەدەبابە شەهێد کرد، تەقەی کوێرانەیان دەکرد بەناو خەڵکدا دەیان کەسیان کوشت

کەژمارەی دانیشتووانەکەی دەگاتە (١.٧) ملیۆن کەس، لەدووری (٦ میل) لەرۆژهەڵاتی ناوجەرگەی شارەکەوە. ئەم بنکەیە لەلایەن هەردوو هێزی هەوایی ئەمەریکاو تورکیاوە بەکاردەهێنرێت، سەرباری بەکارهێنانی هەندێ کات لەلایەن هێزی هەوایی پاشایەتی سعودیەوە لەماوەی رابردوودا، سەرباری ئەوەی نشینگەی فەوجی تۆپهاوێژی (٧٤)ی دژە فڕۆکە (یەکەی پاتریۆت)ی سوپای ئیسپانیاش بووە. لەسەروبەندی جەنگی کەنداودا هێزەکانی هاوپەیمانان توانیان وەك بنەکەیەکی بنەڕەتی سوودی لێببینن بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجە سەربازییەکانی عێراق. ئەم بنکەیە لەبنەڕەتدا ناوی بنکەی هەوایی ئەدەنە بووەو دوای جەنگی دووەمی جیهانی دورستکراوە، لە (١٩٥٨/١/٢٨) ناوەکەی گۆڕاوە بۆ بنکەی هەوایی ئەنجەرلیك. https://ar.wikipedia.org/wiki

[11] تۆرگۆت ئۆزال: لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئەستەمبوڵ لە دایك بووە. وەك ئەندازیار لە فەرمانگەی توێژینەوە لە نێوان ساڵانی(١٩٥٠-١٩٥١) کاریکردووە. بۆ خوێندنی ئابووریی گەشتی کردووە بۆ ئەمەریکا و دوای گەڕانەوەی بووە بە راوێژکارو لە ١٩٥٨ بۆتە سکرتێری پلاندانان و لە ١٩٦٦ پۆستی راوێژکاری تایبەتی هونەریی سەرۆکایەتی وەزیرانی گرتۆتە دەست و لە ١٩٧٧ بۆتە سەرۆکی سەندیکای کارگەی پیشەسازییە کانزاییەکان. لە ١٩٨٠ بۆتە بریکاری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ئابووری. لە ١٩٨٣ (پارتی نیشتیمانی دایك)ی دامەزراندووە و ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٩) سەرۆك وەزیران بووە، پاشان (١٩٨٩-١٩٩٣) سەرۆك کۆماری توکیا بووە تا مردنی لە ساڵی ١٩٩٣، (السویدانی، (٢٠١٣: ل٢٤٢-٢٤٣).

[12] (مجاهدینی خەلق): ڕێکخراوێکی مجاهدینی ئێران، دوای کزبوونی حزبی تودەو وبەرەی نیشتیمانی وپاش ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی دوای ڕیفۆرمی زەوی وهەندێك ناڕەزایەتی دەربڕینی پرش وبڵاو، لەلایەن کەسانی مەزهەبی و نیشتمانی وچەپەوە، لەدژی ڕژێمی شا لە ساڵی ١٩٦٥ز دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە دروستکرا لەلایەن کۆمەڵێك لە ئەندامانی پێشووی بزوتنەوەی ئازادیی ئێرانەوە، زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سێ کەس لە دیارترین دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەن، کە ئەوانیش (محمدی حەنیف نەژاد و محمد سعید محسن وئەصغەری بەدیع زادگان) بوون (هەژاری، ٢٠٠٨، ل٣٠-٣١)

(مەهدی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، نەوشیروان مصطفی لەبارەی ڕۆڵی مجاهدیینی خەلق لەشکستی ڕاپەڕیندا دەڵێ: "مجاهدیینی خەلق ڕۆڵیان هەبوو لە شکستی ڕاپەڕیندا، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی تەنها ئەوان نەیان بوون، ڕۆڵی سەرەکی سوپای عێراق هەیبوو، بەڵام ئەوان لەقۆڵی کەلارەوە بووە هۆی ئەوەی لە قۆڵی کەلارەوە پەلاماری بەشی پشتی کەکوك بدەن و بوون بەرێگر لەبەردەمی، بەڵام ئەو هێزانەی کورد لەهەولێر وسلێمانیەوە پەلاماری کەرکوکیاندا و ئازادیان کرد، ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە تێکشکاندنی ڕاپەڕیندا سوپای عێراق بوو نەك مجاهیدینی خەلق" (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

دوازدەیەم: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش لە کاتی هێرشەکانی سوپا بۆ سەر باشووری کوردستان سەرەتا بێ هەڵوێست بوون، کەچی هەر ئەم ڕێکخراوە پێش چەند مانگیك چەندین بڕیاری دژی حکومەتی عێراق دەرکرد بەهۆی سەرکێشی بەعس و داگیرکردنی کوێتەوە، لە کاتێکدا هەموو خاك و نیشتمانی کوێت بە ئەندازەی تاکە شارێکی باشووری کوردستان نابێت (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٤٣). دیارە نەبوونی هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتوەکان لەم کێشە هەستیارەدا هۆکارێك بوو بۆ شکستی ڕاپەڕین، چونکە نەتەوە یەکگرتوەکان هێندە لە خزمەتی زلهێزەکاندان ئەوەندە لە خزمەتی وڵاتان و میلەتە چەوساوەکاندا نییە. هەرچەندە دواتر بڕیاری ٦٨٨ یان دەرکرد بۆ پاراستنی خەڵکی باشووری کوردستان لە هێرشەکانی سوپای عێراق.

بەشی دووەم: ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆڕەو:

دوای شکستی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لە کەرکووك، کۆڕەوی هاوڵاتیان دەستی پێکرد بە چەند ئاراستەیەکی جیاواز بەگشتی و ئاراستەتی ( ئێران و تورکیا) بەتایبەتی، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

تەوەری یەکەم/ کۆڕەو بەرەو ئێران.

کۆڕەو بەرەو ئێران: هێرشی حکومەتی عێراق و گرتنەوەی کەرکوك: "کاتژمێر ٣ شەوی ( ٢٩/٣٠- ٣- ١٩٩١) ئاگادار کرام کە دوژمن لە چەند لایەکەوە دەستی کردووە بەهێرش کردن بۆ سەر کەرکوك، یەکسەر گەڕامەوە بۆ لای شەڕەکە، هێشتا لای ئێمەوە شەڕ دەستی پێنەکردبوو، بەڵام لەبەرەی ڕێگەی (کەرکوك – بەغداد) کە مامۆستا جەمالی محمد لەوێ بوو شەڕ گەرم بوو، سەر لە بەیانی لای ئێمەش پەلامار دراین و لە بەرەکانی ترەوە شەڕ بەرپابوو، هێزەکانی دووژمن جگە لەتۆپخانەی زۆر قورس، زیاتر لە (١٠) هەلی کۆپتەرو (٣٠٠) دەبابە و زرێ پۆشیان هەبوو" (حاجی مشیر، ٢٠٠٣: ل١٧٦)، پێشمەرگە شەڕێکی زۆر سەختیان کرد، هێزەکانی پێشمەرگە و بەشێك لەوانەی کە لەڕاپەڕیندا پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە کرد، لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە بەرگریان کرد، هێزەکانی تر کە تازە چەکیان هەڵگرتبوو خاوەنی ورەی بەرز نەبوون و هەڵهاتبوون شەڕێکی زۆر بەهێز لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی عێراقدا ڕوویدا بە چەندان تانك و زرێپۆش و هێلیکۆپتەر و هێزێکی زۆر لە هێزە تایبەتیەکانی دوژمن پەلاماری پێشمەرگەکانی کوردستانیاندا، پێشمەرگەش بەرگریەکی باشیان کرد لە دژی هێزەکانی حکومەتی عێراق (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

"هێزەکانی پێشمەرگە تاوەکو پاش نیوەڕۆ لە شەڕدا بوون لەگەڵ دوژمن، ئیتر ناچار بوون پاشەکشە بکەن بەرەو لای نەخۆشخانەی سەدام، بەڵام هێزەکانی دوژمن ڕێگای (سلێمانی – کەرکوکیان) گرتبوو بە دەبابەکانیان شەڕیان لەگەڵ دەکردین ناچار لە ڕێگای (باروتخانە) لەسەر چەمی (خاسە)وە بۆ (یارەلی) ڕۆشتین هەلی کۆپتەرەکان زۆر تەقەیان لێکردین باش بوو بە شپرزەیی پێشمەرگەکان دەرچوون، بەڵام شاری کەرکوك لەلایەن دوژمنەوە داگیرکراو بەرگری پێشمەرگەی تێدا نەمابوو، ئەم هێرشە لەسەر لەبەیانیەوە تا کشانەوەی پێشمەرگە (٤١) پێشمەرگە و کادیری کۆن کوژران دەیان کەسیش بریندار بوو زیانی باشیش لە دوژمن کەوت" (سەنگاوی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن)، پاش ئەوەی کەرکوك داگیر کرایەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هێزەکانی پێشمەرگە دوای ئەوەی کە توشی شکست بوون، بەڵام بەشێك لە پێشمەرگە لە ناوچەکانی چیمەن توانیان خۆیان ڕێکبخەنەوە و بەر لە دوژمن بگرن ئەوانیش ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە بوون کە خەڵکی کورد پەروەر بوون، بەڵام لە بەرامبەر ئەو هێزە گەورەیە نەیان دەتوانی بەرگریەکی باش بکەن و سەرئەنجام شەڕ ڕوویدا پێشمەرگەیەکی زۆر کوژران و بریندار بوون (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن)، شەوی ١٩٩١/٤/١ هێزەکانی دوژمن لە دەستە چەپی چیمەنەوە دزەیان کردبوو کۆمەڵێك دەبابە پشتیان لە هێزەکانی پێشمەرگە گرتبوو لە چیمەن پەلاماریاندان سەرلەبەیانی شەڕێکی زۆر سەختیان تووش ببوو، لە چەند لاوە کۆمەڵێکی زۆریان لێکوژرا و بریندار بوون ئەوەی مابوو بە شپرزەیی دەرباز بوو، بەمەش حکومەتی عێراق چیمەن و قەرەهەنجیری گرتبوو لەم شەڕەدا زیانی گەورە لە پێشمەرگە کەوت بەهۆی دەستکردنەوەی دوژمن، بوو بەهۆی بێورەیی پێشمەرگە (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن)، لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/١ دوژمن هێرشەکانی بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان بەگشتی دەست پێکرد لەو ڕۆژەدا چەمچەماڵیان گرتەوە (حاجی مەحمود، ٢٠٠١: ل٢٩٣).

"لە دوای داگیرکردنەوەی چەمچەماڵ پێشمەرگە بە تەواوی ورەی بەرداو من لەگەڵ (١٧) پێشمەرگە هاتمەوە بۆ ئەڵلایی بۆ ئەوەی بەر بە هێزەکانی حکومەتی عێراق بگرین، چونکە خەڵکێکی زۆر بە پیادە و بە ئوتومبیل ڕایان دەکرد لە ترسی سوپای عێراق، ئێمە تاوەکو سەعات (٥:٥٠) ئێوارە شەڕێکی زۆرمان لەگەڵ کردن، بەڵام بە هۆی کەمی ژمارەی ئێمە و نەگەیشتنی هاوکاری لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بەهۆی زۆری ژمارەی داگیرکەر کە بە فڕۆکە و دەبابە توانیان ئێمە بشکێنن و پاشەکشەمان کرد بۆ سلێمانی، بەڵام ئەگەر ئەم شەڕەی ئێمە نەبوایە دوژمن هەر ئەمڕۆژە سلێمانیشی دەگرت و خەڵکێکی زۆری دەکوشت و لەوانەی کە ڕایان دەکرد" (حاجی مشیر، ٢٠٠٣: ل١٣٨-١٤٢) سەرلەبەیانی زوو ١٩٩١/٤/٣ هێزەکەی حکومەت گەیشتنە دەروازەی سلێمانی بە جادە شەستییەکەی دەوروبەری شار بەرەو (عەربەت[١٣]) بەرێکەوتین لەو جادەی کە دەردەچوو بۆ (عەربەت و شارەزوور) دەیان ئۆتۆمبیل و سەدان ژن و منداڵ و گەورەو بچوکمان بینی کە دواکەوتبوون لە ڕۆیشتن ڕێگەکەیان (قوڕ) بوو یان

---

[١٣] عەربەت: شارۆچکەیەکە، کەوتووەتە ناحیەی تانجەرۆ، قەزای سلێمانی، پارێزگای سلێمانی، باشووری کوردستان ئەم شارۆچکەیە ناوەندی ناحیەی تانجەرۆیە. ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org) .

ئوتۆمبیلەکانیان شکابوو یان کەلوپەلیان پێ بوو بەو بەیانییە ساردە دەڕۆیشتن تا بڵێی دڵتەزێن بوو (حاجی مشیر، ٢٠٠٣: ل١٤٧). پێشمەرگەی کوردستان لە ٣/ ٤/ ١٩٩١ پاشەکشەی کرد لە سلێمانی، لە ترسی هاتەهاتی سوپای عێراق و ڕەفتارە دژ بە مرۆییەکانی حکومەتی عێراق، خەڵکی بێ پشتیوانی کوردستان شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکانیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە شاخ و کێوەکان و ناوچە سنوورییەکان تاوەکو دەستی حکومەتی عێراق نەیانگاتێ و ڕزگاریان بێت (ڕەسول، ١٩٩٤: ل٥٧).

دواتر سوپای عێراق بەرەو عەربەت و زەڕایەن و هەڵەبجەی تازە و دەربەندیخان و ئەزمەڕیش) بەڕێ کەوتبوو، لە عەربەتیشەوە لەبێستان سور و جەناخچیان سەربازگەیان دروست کرد، زیاتر لە یەك ملیۆن خەڵك بە ڕێگاوە بوون بەرەو تەوێڵە و پێنجوین لەڕێگای نەوسودی سەر سنوری تەوێڵەوە تاوەکو باشماخ و گۆخڵانی سەر سنور ڕێگای هاتووچۆی نەبوو، خەڵکی زۆر بە سەیارە و عەرەبانە و بەپێ ، هەر لەو ڕێگەیەداژن منداڵی دەبوو، لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامی پێشوازییەکی باشی لە خەڵکەکە کرد و چوونە ناو ئێرانەوە و چادریان بۆ هەڵدرا وهاوکات نیو ملیۆنیش لەخاکی عێراق لەسەر سنورەکان بوون چادر و ئازووقەیان بۆ نێردرا (حاجی مەحمود، ٢٠٠١: ل٢٩٣).

"ئێمە دانیشتووی عەربەت بووین سەیرمان کرد خەڵکێکی زۆر ڕایان ئەکرد بەرەو سنورەکانی ئێران خەڵکی کەرکوك، بازیان و چەمچەماڵ و سلێمانی.. هتد هەموو دەیان گوت سوپای عێراق بەڕێوەیە و بێویژدانانە لە خەڵکی سڤیلیش ئەکوژێت ناچار ئێمەش بەپەلە هەر ئەو شەوە خۆمان کۆکردەوە و هەڵهاتین قەرەباڵەغییەکی زۆر بوو ئێمە سەیارەمان پێ بوو لە شەوەوە بەڕێوە بووین تا بەیانی گەیشتینە سیدصادق، کە ژێر زەمینێکی لێ بوو لەژێریدا تاوەکو عەسر پشوویەکماندا ڕەوشی ژیانمان زۆر ناخۆشبوو هەر لە سیدصادق خەڵکێکی زۆری لێ بوو، لەم ڕۆژەدا بارانێکی زۆر دەباری کە پێیان دەوت بارانە ڕەشەکە، ئێمەش تاوەکو درەنگانی عەسر لە سیدصادق ماینەوە دواتر بە ڕێکەوتین بەرەو تەوێڵەو بیارە کاتێکی زۆرمان پێچوو تاوەکو گەیشتینە زەردەهاڵ لەڕاستیدا کارەساتێکی هێندە ناخۆش بوون بیرناچنەوە" (حەوت برا، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

"ڕۆژی ١٩٩١/٤/٣ کە بیستمان سلێمانی لە مەترسیدایە، بەڵام لەقۆڵی کفرییەوە دوژمن نەیتوانی بێتە پێشەوە دوای ئەوەی کە سلێمانی داگیرکرایەوە ئێمەش ناچار بووین هێزەکەمان بکشێنینەوە. لە ١٩٩١/٤/٤ لە کفریەوە بەرەو سمود و کەلار و باوەنور کشاینەوە خەڵکەکەش بە جارێ بەڕێکەوتن لە ناوچەکانی هەریەك لە طوزخورماتوو و کفری و کەلار بە پیادە و بەبێ ئوتومبێل دەیان هەزار خەڵکی ڕەش و ڕووت بەرەو دەربەندی سەرتەك بۆ سنورەکانی ئێران هەڵهاتن" (سەنگاوی، ٢٠٠٥: ل١٢٧).

لە کەلار[١٤] بووین خەڵکێکی زۆرمان بینی کە لە طوزخورماتوو و کفرییەوە بە شپرزەیی ڕایان دەکرد و دەیان گوت حکومەتی عێراق هاتەوە و خەڵکی کورد بەبێ جیاوازی قڕدەکەن، ناچار ئێمەش لەگەڵ خەڵکی زۆربەی کەلار بەرە و سنورەکانی ئێران ڕامان کرد ئێمە بەرە و سنورەکانی سەرتەکی بەمۆ لەئێران هەڵهاتین لەڕاستیدا کارەساتێك بوو هەر باس ناکرێت، بە سەدان هەزار خەڵك بە پیادە و بە بێ ئۆتۆمبیل کۆچیان دەکرد بەرەو چارەنوسێکی نادیار، بەڵام ئەو کەسانەش ئوتومبیلیان پێ بوو باشتر بوو هەرچەندە ئەمانیش بێ گرفت نەبوون لەبەر ئەوەی ڕێگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو ئەگەر ئۆتۆمبیلەکان بشکایە یان بەنزینی نەمایە دەبوایە جێیان بهێڵایە، چونکە بارودۆخەکە زۆر خراپ بوو کەس لە کەسی نەدەپرسی، بێگومان هەمووی لە ترسی بەعس لەبەرئەوەی پێشتر خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەزموونی کارەساتباریان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا هەبوو وەك تاوانی ئەنفال و جگە لەوەی کە لە ڕاپەڕیندا تێکڕای خەڵکی کوردستان بەشداریەکی زیرەکانەیان کرد لە دەرکردنی حکومەتی عێراق، ئەو خەڵکەی کە ڕای دەکرد لە طوزخورماتوو و کفریەوە زۆر خراپ باسی هەڵسوکەوتی ڕژێمیان دەکرد لەگەڵ کورددا کە دەیان گوت بەبێ جیاوازی پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی ڕەشەکوژی دەکات، مجاهدینی خەڵقیش هەمان هەڵوێستی خراپیان هەبوو بەرامبەر بە کورد" (شاواز، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

سوپای عێراق هێرشیان بۆ هەولێریش دەست پێکرد لە شەوی ١٩٩١/٣/٣٠ نزیکەی (٨) تۆپخانە و تانکی عێراق بەرەو ڕووی شار ئاگریان دەهاویشت لە سەعاتێکدا گولە تۆپێك دەکەوتە ناو شارەوە کاژێر دووی بەیانی ژمارەکەیان کرد بە دوو گولە تۆپ لە کاژێرێکدا دەیان ویست خەڵکی بترسێنن و لەم کارەشیاندا سەرکەوتوو بوون پێشمەرگەیەك دەڵێ: "بەرەبەیان هێزەکانمان کۆکردبووەوە و بەرەو باکوورمان ناردن پشتی چەندین دەبابە لە هەموو لایەکەوە دیار بوو کە دەیان ویست شارەکە گەمارۆ بدەن، دەستیان کرد بە جوڵە، ئێمەش لە ترسی دەسگیرکردن شارمان بەجێهێشت" (کۆچێرا، ٢٠٠٢: ل١١١-١١٢). بۆیە شاری هەولێر داگیرکرا لە ئەنجامی زۆری هێزەکانی دوژمن و دەست واڵاکرنی هێزەکانی حکومەتی عێراق لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر کوتکردنی ڕاپەڕینەکەی باشوری کوردستان، لە ئەنجامی نا هاوسەنگی هێزەکانمان حکومەتی عێراق توانی هەولێر داگیر بکاتەوە بەمەش زیانێکی گەورە بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گەیشت (مەلا قادر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن)، پێشمەرگەکانی تەنها ئەوەیان بۆ مایەوە کە فریای خێزانەکانیان بکەون و ئەودیوی سنووریان بکەن بۆ ئەوەی لە بۆمبارانی سوپای عێراق بیان پارێزن و بە پێی هەندێك سەرچاوە تەنانەت (مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیش) تەنها چەند کەسێکی زۤر نزیك نەبێت کەس لە گەڵیاندا

[١٤] کەلار: کەلار لە مێژەوە سەر بەناحیەی قەڵای شێروانە بووە، مەڵبەندی ناحیەکەش سەرەتا لەبنگرد بووە بەرامبەر قەڵای شێروانە، ئەم ناحیە (قەڵای شێروانە) مێژوویەکی دێرینی هەیە تاوەکو ناوەڕاستی سیەکان لەبنگرد بووە دواتر لەبەر فراوانی سنورەکە و دووری لە گوندەکانی، ناوەندی ناحیەکە گواستراوەتەوە بۆ گوندی سەرقەڵا، تاوەکو ساڵی (١٩٧٥) ناوی شێروانە بووە، دواتر کە قەزای کەلار دەخرێتە سەر پارێزگای سلێمانی ماوەیەك دەمێنێتەوەو دەخرێتە سەر قەزای کفری ئیدی ناوی ناحیەی شێروانە نامێنێ و لە (١٩٧٥/١١/١٦) ناحیەی سەر قەڵا بەمەرسومی کۆماری دەکرێتە ناحیە و بەشێك لە گوندەکانی ناحیەی شێروانەی بەسەردا دابەشکرا، پێشتریش لە کۆتایی شەستەکاندا گوندی جەبارەی لێدابڕاو کرایە ناحیە، لە کۆتایی شوباتی (١٩٧٠) بەبڕیاری حکومەتی عێراق کرایە قەزاو ناوی (کەلار)ی لێنرا، سەر بەپارێزگای کەرکوك بوو، بەپێی مەرسۆمێکی کۆماری ژمارە (١٣٧) بە پێکهێنانی قەزای کەلار لە (١٩٧٠/٢/٢٨)دا لەلایەن سەرۆك کۆماری عێراقەوە بەپارێزگای کەرکوك و هەردوو ناحیەی شێروانە وپێباز دەکەوێتە سنوری ئیداری ئەم قەزاوە، یەکەم قایمقامی شاری کەلاریش (جلال بیلال) بووە کە خەڵکی هەولێر بووە. (حاجی حەمید، ٢٠١٩، ل: ٦٤-٦٥).

نەمابوو هەموان ڕاکردنیان هەڵبژارد، لە کاتێکدا ئەوان زۆر نزیك بوون لە ئەگەری گورزی عێراقیەکان (کۆچێرا، ٢٠٠٢: ل١١٢).

دانشتوانی هەولێریش وەك خەڵکی ناوچەکانی تری باشوری کوردستان هەموو لەترسی سوپای عێراق، کۆڕەویان کرد بەرە و سنورەکانی ئێران و تورکیا ملیان دەنا بەرەو چارەنوسێکی نادیار هەموو ئەم خەڵکە زۆربەیان بە پیادەو هەندێکی کەمیش بە سەیارە ڕایان دەکرد (عوسمان، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

سوپای عێراق پێشڕەوی کرد بۆ سنورەکانی ئێران و تورکیا، هەربۆیە (زۆربەی پێشمەرگەکانی پارتە جیاوازەکانی بەرەی کوردستانی) لەشەڕی کۆڕێ توانیان تانکەکانی عێراق لە نێوان سەلاحەدین و کۆڕێ و شەقڵاوەدا ڕابگرن، بەم کارەیان خەڵکێکی زۆریان لە کارەسات پاراست تەنانەت ئەو جێگایەی کە (مەسعود بارزانی) تیا جێگیر بوو ناوچەی ڕەواندز و ڕێگەی هاملتۆنیان پاراست (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

ئێران پێشوازیەکی باشی لە ئاوارەکانی کرد، کە هەڵهات بوون لە ترسی ڕژێمی عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران سنوورەکانی خۆیان بۆ ئاوارە کوردەکان کردەوە پەناگە و ئۆردوگایان بۆ کوردی ئاوارە دروست کرد، ئەم هەڵوێستەی ئێران دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێکیان تەنها هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەیە کە مرۆڤایەتی دووچاری کارەساتێك بوو بێت پێویستە وڵاتان بەگشتی و وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی دەستی هاوکاری بۆ کوردانی لێقەوماو درێژبکەن (ئاغجەلەری، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن)، ڕەهەندێکی دیکەیان سیاسییە بێگومان هاوکاری کردنی ئێران زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێران بیسەلمێنێت حکومەتی عێراق چەکی کیمیایی بەرامبەر میللەتەکەی خۆی بەکارهێناوە، دواتریش ئەم چەکەی بەرامبەر ئێرانیش بەکارهێناوە لە کاتی شەڕی (عێراق – ئێراندا)، بۆ ئەوەی بۆ ڕای جیهانی بسەلمێنێت کە ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی دیکتاتۆری لەدژی میللەتانی ناوچەکە و تەنانەت لە دژی میللەتەکەی خۆشی بێویژدانانە جینۆسایدیان دەکات (علی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

چونکە عێراق پێشتر شەڕێکی گەورەی لەگەڵ ئێراندا کردبوو، کە لەم شەڕەدا عێراق دەست پێشخەر بوو زیانێکی گەورەی ئابوری و سەربازی و سیاسی و فەرهەنگی لە ئێران کەوتبوو، هەرچەندە ئێران لە زۆربەی شەڕەکاندا سەرکەوتوو بوو سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆربەیان هاوکاری و کۆمەکی باشی عێراقیان دەکرد لە دژی ئێران (مەهدی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن). بەڵام ئێران سەرەڕای ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕاگرت و زۆربەی جارەکانیش سەرکەوتوو بوو بەسەر سوپای عێراقدا و بەرگریەکی باشی لە خاك و وڵاتی خۆی کرد لە دژی هێزەکانی عێراق (عوسمان، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

دوای ئەوەی ڕاپەڕینی شیعەکان باشووری عێراقیش لەلایەن خودی ڕژێمی عێراقەوە سەرکوتکرا، ئەوە کاری لە ویژدانی شیعەکانی ئێران کرد کە گەل دژی ڕژێمی سەدام حسێنە و ئەو دەسەڵاتەی ناوێت بۆ ئەوەی ڕووی سەدام و ڕژێمەکەی زیاتر بۆ ڕای گشتی بسەلمێنێت کە چۆن کەوتۆتە خوێنی میللەتی خۆی و دەربەدەریان دەکات، بەمەش ئێران لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە سودی لەم کارەی خۆی کرد، کە زۆربەی سنورەکانی بە ڕووی ئاوارە بکاتەوەو ڕێگەی بە ڕاگەیاندنی جیهان بدات ئەو تراژیدیایە بە دەرەوە بناسێنێت (سەردەشتی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

چونکە ئەمریکا دژایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئێراندا هەیە و سیستەمی نوێی جیهانیە کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤی لەخۆ گرتووە بە باوەڕی ئەمریکا، ئێران دەسەڵاتێکی ستەمکاری تێدا پیادە دەکرێت، بەڵام ئێران بەم کارەی دەیەوێت بۆ ڕای گشتی بسەلمێنێت کە چەندە بە تەنگ لێقەوامانەوەیە و حسابی تایبەتی بۆ مرۆڤایەتی دەکات، کردنەوەی سنوورەکان و هاوکاری ئێرانیش لە ئاستی گشتیدا، لە ڕووی مرۆیەوە گرنگی خۆی هەیە و ئەوەی ئێران کردی هەڵوێستێکی زۆر مرۆڤانە و مامەڵەیەکی باش بووە (جوندیانی، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەی ئێران و خەڵکی ئەو وڵاتە لە زۆربەی نەهامەتییەکاندا وەك دراوسێیەکی باش مامەڵەیان کردوە، تەنانەت ناکرێت بە مامەڵەی تورکیاش بەراورد بکرێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە هەر ئێران بوو وێنەی کارەساتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی وێنەگرت و بە جیهانی ڕاگەیاند کە میللەتی کورد لە عێراقدا بەدەستی ڕژێمی حکومەتی عێراق جنۆساید دەکرێت (محمود، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). ئەمەش ویژدانی مرۆڤایەتی و وڵاتانی مرۆڤ دۆستی هەژاند لەبەر ئەوە ئێرانیش وژیدانی هەژاو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانە و هاوکاریەکی باشی خەڵکی کوردستانی کرد کە تووشی ئەم کارەساتە ببووبوون (جەباری، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). کەواتە هاوکاری کردنی حکومەتی ئێران بۆ کوردەکان دوو لایەنە بووە، هەم لە ڕووی سیاسەیەوە کاریگەریی خۆی هەبووە، هەم لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەشەوە ڕۆڵی باشی هەبووە کە وەك وڵاتێکی دراوسێ توانی لانی کەمی نەهامەتیەکانی کورد کەم بکاتەوە، ئەگەرچی بەدەر نەبووە لە کەم و کوڕی.

هەرچەندە ئێران سنوورەکانی واڵاکرد بۆ خەڵکی پەناهەندە بەڵام لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، تەنانەت ئاوی خواردنەوە زۆر پیس بوو کە بوو بە هۆی بڵاونەوەی چەندین نەخۆشی، زۆربەی ئەو خواردەمەنییانەی لە دەرەوە دەهات، حکومەتی ئێران دەیان گۆڕی بەخواردەمەنی ئێرانی خراپ و دابەشیان دەکرد بەسەر خەڵکداو ئەو خواردەمەنییە چاکەش کە لە دەرەوە دەهات بۆ ئاوارەکان ئێران بۆ خۆیان دەیان برد (شاواز، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). بنکەی تەندروستی بەپێی پێویست نەبوو، خەڵکێکی زۆریش نەخۆش کەوتبوو بەمەش زیانێکی زۆر بەخەڵکی کەوت و چەندین خەڵك لە برسا مردن بە تایبەتی منداڵ و پیرەکان (شێخ مستەفا، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن). بۆیە دۆخی خەڵك زۆر خراپ بوو، لە ڕووی سەرما و تەندروستی و بێ ئاوی و حەوانەوە و بەتایبەتی ئەوانەی دوورخرابوونەوە بۆ ناوچە دوورەکانی ئێران، کەمپەکان هەروەکو زیندان بوون بۆ ئەوەی مەجالی دەرچوون نەبێت. "ئیمە لە ئۆردوگای گەیلان غەرب بووین کە ویستمان بگەڕێینەوە بۆ کوردستان لە ترسی پاسدار بەشەو هەڵهاتین، چونکە پاسدار ئەگەر پێی بزانینایە تەقەیان لێدەکردین بۆیە بەدزیەوە ئوردوگامان چۆڵکرد تا بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی لەبەر ئەوە بە پیادە تاوەکو جوانرۆ هاتین لەوێ وە بە نهێنی گەڕاینەوە بۆ باشووری کوردستان ژیان لە کەمپەکاندا زۆر ناخۆش بوو بە وێنەی زیندان بوو" (سەردەشتی، ٢٠٠٨، چاوپێکەوتن).

ئێران پاش ئەوەی سنوورەکانی خۆی کردەوە بۆ پەنابەران مۆڵەتی بە کوردەکانی خۆی دا کە هاوکاری پەنابەران بکەن و ماڵ و مزگەوت و خوێندنگەکان بۆ پەناران بکەنەوە، بۆ نموونە (خانێ) کە خۆی دانیشتوانەکەی (٢٥) هەزار کەسە (٧٥) هەزار کەسی پەنادا (ماکداول، ٢٠٠٥: ل٦١٥) کوردەکانی کوردستانی رۆژهەڵات هاوکارێکی باشی پەنابەران بوون، هەر لە هێنانی (نان و ڕۆن و برنج و شەکرو خواردەمەنی سەفەری و نان ساجی، تەنانەت خەڵکی وایان هەبوو خێزانی ئاوارەیان دەبردە ماڵی خۆیان و دەرگای ماڵەکانیان بۆ ئاوارەکان لەسەر پشت بوو (حەوت برا، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن)، دیارە ئەم هاوکاریەی کوردەکانی ئێران بۆ ئاوارە کوردەکانی باشووری کوردستان بۆ نزیکی فەرهەنگ و کەلتورو زمان دەگەڕێتەوە.

### تەوەری دووەم/ کۆڕەو بەرەو تورکیا:

دهۆك یەکێك بوو لەو شارانەی کە ڕاپەڕینی تێدا ئەنجام درا بوو، هەربۆیە سوپای عێراق هێرشی کرد بۆ گرتنەوەی، ئەم شارە بێ هیچ بەرگریەك داگیرکرایەوە لەلایەن عێراقەوە (کۆچێرا، ٢٠٠٢:ل١١٢). خەڵکی دهۆکیش هەڵهاتن، لە ١٩٩١/٣/٢٦ خەڵکی ئەم شارە بەرەو سنورەکانی تورکیا کۆڕەویان دەست پێکرد کە بە (هجرەی ملیۆنی) ناسرا، بەڵام کۆڕەو لە دهۆك بەلێشاو لە ١٩٩١/٣/٣١ دەستی پێکرد، لەڕاستیدا زۆربەی خەڵکی دهۆك بەرەو تورکیا هەڵهاتن و ژمارەیەکی کەمیشیان ڕوویان کردە سنوورەکانی وڵاتی ئێران، خەڵکی دهۆکیش زیاتر لە ترسی سوپای عێراقی بە سەدان هەزار خەڵك ماڵ و سەروەت و سامانی خۆیان بەجێهێشت و لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا کۆچیان کرد بەرەو چارەنووسێکی نادیار، بەڵام زیاتر خەڵکی دهۆك و قەزاو ناحیەکانی بەرەو سنوورەکانی تورکیا هەڵهاتن (یاسین، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

لەسەر سنوری (عێراق – تورکیا) دایکان کە کۆرپەکانیان لە باوەش گرتبوو بەرامبەر بەسەربازە تورکەکان وەستا بوون و لێیان دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی ڕێگایان بدەن بچنە ناو تورکیاوە بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکانیان کە تووشی نەخۆشی ببوون، خەڵکی تر داپیرە و باپیرەکانیان بە کۆڵەوە بوو یان بە بەتانی تابوتیان بۆ دروست کرد بوون، بەڵام هەر کەسێك هەوڵی ئەوەی بدایە بچێتە ناو تورکیا بە قۆناغە تفەنگەکانیان ڕووبەڕووی ئاوارە کوردەکان دەبوونەوە و نەیان دەهێشت بچنە ناو تورکیاوە (سیوەیلی، ٢٠٠٥: ل١٠)

لە سنورەکانی تورکیا، هیچ ئامادەباشیەکیان بۆ ئاوارەکاندا نەکردبوو، تەنها سەربازان و سەگەکانیان نەبێت کە بە قوڵایی(١٠)مەتر و تەواوی سنووری تورکیایان پاسەوانی دەکرد، لە هاویشتنی فیشەك بەرەو ڕووی ئەو ئاوارانە کە بەرەو سنوری تورکیا دەچوون دەستییان نەپاراست و وێنەکانی مەرگەسات و تراژیدیای کورد بە تایبەت مەرگی ئەو منداڵانەی کە لە قوماشی سپییەوە پێچرابوون و بەکۆمەڵ لەناو ئوتومبیلە گەورەکاندا دانرابوون، کەسوکاریان دەیان ویست لە شوێنێکی لەبارو گونجاودا بیان نێژن (ماکداول، ٢٠٠٥: ل٦١٥)، تورکیا کۆڕەوی وەکو موئامەرەیەکی نەخشە بۆ دارێژراوی سەدام حسێن سەیر دەکرد بە مەبەستی تێکدانی سەقامگیری تورکیا. ئەفسەرێکی پایەبەرزی تورکیا گفتوگۆی ئەوەی کرد کە ئەگەر صەدام حسێن بیویستایە ڕێگا لە کۆڕەو ی کورد بگرێت لە عێراقەوە، ئەوا دەیتوانی بە ئاسانی فەرمان بدات بە سەربازە عێراقیەکان بۆ ئەوەی ئابڵوقەی کوردەکان بدەن نەك زیاتر پاڵیان بنێت بەرەو سنووری تورکیا (ئینتسار، ٢٠٠٤: ل٣١٨-٣١٩).

ڕووداوەکان بە خێرایی گوزەریان دەکرد جۆرج دەبلیوبوش سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەژێر فشاری ڕای گشتیدا ناچار بوو کە وەزیری دەرەوەی خۆی (جەیمس بیکەر) ی لە ١٩٩١/٤/٨ ناردە ناو ئاوارەکان لەناو ئۆردوگاکاندا کە پەنابەرانی کوردی لێ بوو، ئەو لە دوای گەڕانەوەی ڕای گەیاند ئەوەی من بە چاوی خۆم بینیومە زۆر زیاترە لەوەی کە باوەڕی پێ بکرێت، (کۆچێرا، ٢٠٠٢: ل١١٣-١١٤)، "کاتێك سنووری تورکیام بۆ نێو عێراق بڕی کە بۆ لوتکە چیاکانی ئەوبەری سنووری عێراقم ڕوانی، یەکسەر تووشی سەرسامی بووم، یەك دۆڵی گەورە و بەرفراوانم بینی پڕاوپڕ بوون لە پەنابەر و ئاوارەکان، نزیکەی (٥٠-٦٠) هەزار دەبوون ئەمە تەنها بەشێکی کەم بوون لەو پەنابەر و ئاوارانەی کە بە درێژایی سنوور ڕیزیان بەستبوو کە بە پێی هەندێك مەزەندە ژمارەیان دەگەیشتە سەدان هەزار کەس. بیکەر دەڵێ: دوای مانەوەم دوو ڕۆژ لەناو ئاوارەکاندا (٣٧) پەنابەر لە سەرمادا مردن، کە (٢٧)یان منداڵ بوون لەگەڵ هاتنی شەودا سەرمایەکی هێندە سەخت بوو کە زۆر جاران لەگەڵ خۆمدا دەمگوت باشە لە کاتی بە فرباریندا دەبێت ئەم خەڵکە چی بکات" (کۆڕەو لە یادەوەری جەیمس بیکەردا، ٢٠٠٣: ڕۆژنامەی برایەتی).

بێگومان تورکیا درەنگتر سنوورەکانی خۆی کردەوە بۆ داڵدەدانی ئاوارە کوردەکان کە توشی کارەساتی کۆڕەو ببوون بارودۆخی خەڵك زۆر خراپ بوون تورکەکان هەستیان بە مەترسی گەورە کرد، وەك مەترسی ئاسایشی نەتەوەیان، کە ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران بێنە ناو خاکەکەیانەوە (جاف،٢٠٠٦:ڕۆژنامەی خەبات).

چونکە تورکیا زۆر جار دژایەتی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردی کردوە وەك بینیمان بۆ ماوەیەك سنوورەکانی لە ڕووی ئاوارەکان داخست کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون، بۆ ئەوەی دەستی عێراق واڵا بێت بۆ لەناوبردنی خەڵکی باشووری کوردستان تاوەکو ئەو جێیەی بۆی دەکرێت و درێژە بە کوشتنی کورد بدرێت، بەڵام دواتر لەژێر فشاری چەند وڵاتێکی ئەوروپیدا، ناچار بوو کە سنوورەکانی خۆی بکاتەوە و ڕێگە بە خەڵکی کوردستان بدات بچنە ناو خاکەکەیەوە (سابیر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). لەلایەکی دیکەوە فشاری زۆری ئاوارەکان تورکیای ناچار کرد سنوورەکان بکاتەوە، بەڵام درەنگتر بەمەش کارەساتێکی گەورە تووشی کوردە ئاوارەکان بوو، چونکە پەناگەیەك نەبوو تیایدا پشوو بدەن و ترسیان لە هێرشەکانی سوپای عێراقی هەبوو و خواردەمەنییان درەنگتر پێدەگەیشت (مەهدی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن). د. کەمال عەلی دەڵێ: "من پێم وایە زیاتر تورکیا بە فشاری ئەمەریکا سنوورەکانی لە ڕووی کوردەکان کردەوە" (علی، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن). تورکیا مەترسی ئۆپۆزسیۆنیشی زۆر لەسەر بوو بە تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان لەبەرئەوەی لەم کاتەدا ئەم پارتە کوردییە مەترسی زۆری لەسەر تورکیا دروست کردبوو وەك پارت و ئۆپزسیۆنێکی کوردی بەهێز تورکیا لەوە دەترسا کە لە ناوخۆی تورکیشادا کوردەکان ڕاپەڕن (مەلا قادر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). تورکیا ترسی ئەوەی هەبوو کە وڵاتەکەی توشی پشێوی بێت، کاتێك خەڵکێکی زۆر ڕوودەکاتە ئەو وڵاتە ترسی شێواندنی قەوارەی سیاسی، ئابوری و شارستانی، هەربۆیە تورکیا

درەنگتر دەرگاکانی خۆی کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە ڕێکبخات و سنوورەکان بکاتەوە (جەبار، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

بەهۆی مەترسی سنوورەکانی، تورکیا سەرەتا مۆڵەتی بە پەنابەران نەدەدا بچنە ناو تورکیاوە چونکە تورکیا ئەندامی هاوپەیمانی (دژی سەدام) بوو، هەم ئەندامی ناتۆش بوو، ئۆزال لە زۆربوونی گوشاری نێودەوڵەتی نیگەران بوو، هەربۆیە ناچار مۆڵەتی بە ئاوارەکانی دەدا لە سنوور بپەڕنەوە (ماکداول، ٢٠٠٥: ل٦١٦).

هەرچەندە تورکیاش سەرەتا سنوورەکانی لە ڕووی ئاوارە کوردەکان داخست، بەڵام دواتر سنوورەکانی کردەوە لە ژێر فشاری نێودەوڵەتی و ئەو هۆکارانەی باسکران بۆ ئەمەش ئەو پەناگەیانەی کە دروستی کردبوون بۆ کورد زیاتر لە پەناگەی سەربازی دەچوون، بارودۆخی کورد لەناو ئەو پەناگەیانەدا زۆر خراپ بوو، ئەم ئۆردوگایانە لەلایەن سەربازە تورکەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە ئەمانیش باش نەبوون لەگەڵ ئاوارەکاندا، کارەساتی زۆر خراپ ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە ئەبووەوە (جوندیانی، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). تەنها دوو نمونە دێنمەوە لەو ئۆردوگایانەی کە تورکیا کوردی تێدا پەنا دا ئەوانیش کامپی (چەلێ) کە لەسەر سنوری تورکیا بوو، بەڵام لە خاکی عێراقدا بوو جگە لەوە کامپی (دەشتان) کە لە خاکی تورکیادا بوو کوردێکی زۆر لەم دوو پەناگەیەدا پەنا درابوون (یاسین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

کاتێك خەڵکێکی زۆر ڕەو دەکات کە ژمارەیان زیاتر لە (٢) ملیۆنە، بێگومان ئەم ژمارە زۆرە ڕووبکاتە هەر وڵاتێك کە شوێنیان بکەنەوە ئەبێت لە شێوەی کامپ جێگەیان بکەیتەوە، چونکە ناتوانێت لە ژیانێکی خۆشگوزەراندا جێگەیان بۆ ئامادە بکەیت لەبەرئەوە تاڕادەیەك تورکیاش مافی خۆیەتی هەندێك ڕێگە بگرێتەبەر، بەڵام دەبوایە بەو شێوەیە توند نەبوایە بەرامبەر ئاوارەکان دەبوایە ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤی بکردایە (امین، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن). لە بارۆخێکی لەم شێوەیەدا کە زۆر جار مەترسیەکەی لە کارەساتە سروشتیەکان گەورەترە دەبێت کەمپیان بۆ بکاتەوە، بەڵام ئەو هەڵسوکەوتەی کە تورکیا هەیبوو بەرامبەر بە پەناهەندە کوردەکان زۆر خراپ بوو بۆ نموونە منداڵێك خەریکە لە سەرما و لە برسا دەمرێت، دایکی ئەم منداڵە دەیەوێت بچێتە خاکی تورکیاوە بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکەی، بەڵام سەربازە تورکەکان بە قۆناغە تفەنگەکانیانەوە ڕووبەڕووی ئەم ژنە دەبنەوە، هەرچەندە دواتر سنوورەکانی خۆی کردەوە، بەڵام زیاتر لە ژێر فشاری دەرەکیدا بوو.

### تەوەری سێیەم/ ڕووداوە تراژیدیەکانی کۆڕەو لەسەر زاری هەندێ بەشداربووانی کۆڕەو:

محەمەدی حاجی مەحمود دەرزیلەیی: ئەم هاوڵاتیە کە بەشدار بووە لە کۆڕەوی باشوری کوردستاندا کە بە چاوی خۆی و خیزانەکەی منداڵێکیان بەناوی (نیگار)ەوە کە تەمەنی (٢) ساڵان بووە لە برسا مردووە بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە تراژیدیایەمان بۆ باسدەکات: "من لە چەمچەماڵەوە بەپێ بە ڕێکەوتم لە ترسی ئەوەی ڕژێمی سەدام خۆم و منداڵەکانم ئەنفال نەکات و کیمیایی نەکات بە سەرماندا، بە ڕەزالەتێکی زۆر بەپێ ڕێمان کرد گەیشتینە تەوێڵە، باش بوو کەمێك دوورکەوتینەوە لە سوپای عێراق، بەڵام خەڵکێکی زۆری لێبوو، خواردن دەست نەدەکەوت منیش ئەو خواردنەی کە بە کۆڵ هێنابووم لە ڕێگادا تەواو بوو، هیچ خواردنمان پێ نەبوو، منداڵەکانم هەموویان تەمەنیان بچوك بوو، بەڵام ئەوەی کە تەمەنی زۆر منداڵ بوو (نیگار) بوو ئەم منداڵەم شیرە خۆرە بوو، چەند ڕۆژێك بوو خواردنێکی زۆر کەممان خواردبوو، هەموو منداڵەکانم ئەگریان لە برسا، خواردن نەبوو بیان دەمێ، خێزانەکەشم چەند ڕۆژ بوو نانی نەخواردبوو لەبەرئەوە شیری نەبوو بیدات بە منداڵەکەمان، شیری قوتوش دەست نەدەکەوت، ئەمە جگە لەوەی وەرزی بەهار بوو، وەڵێ زۆر سارد بوو، لە بەختی کورد بارانێکی زۆر دەباری، شوێنێکی گونجاو نەبوو پشوویەکی تیا بدەین هەموومان لە بن نایلۆنێکدا بووین دۆخی ژیانمان زۆر خراپ بوو، منداڵەکەم لە برسا هاواری دەکرد و دەگریا، هێندە گریا لە برسا ئیتر بە تەواوی دەنگی نوسا و دەنگی دەرنەدەهات شیر نەبوو بیدەینێ چەند ڕۆژ بوو (نیگار)ی کچە کۆرپەکەم هیچی نەخواردبوو، بەو حاڵەوە (نیگار)ی جگەرگۆشەم ژیانی لەدەستدا، لە ڕاستیدا ڕۆژێك بوو هەرگیز بیرناچێتەوە، تەنانەت دوای کۆچکردنیشی هیچ نەبوو قەبری بۆ بکەین و کفن نەبوو کفنی بکەین، هەر بە جلەکانی خۆیەوە خستمانە چاڵێکەوە و سەرمان داپۆشی بە بەرد و خۆڵ" (دەرزیلەیی، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن)، لە هەمان خێزاندا هاوسەری موحەمەدی حاجی مەحمود، جەهان حەسەن قادریش، کە لە کۆڕەودا بۆتە قوربانی سیاسەتەکانی بەعس ئەو بەم جۆرە باسی مردنی منداڵەکەی کرد کە لە برسا گیانی سپاردبوو: "پاش ئەوەی ڕێگەیەکی دوورمان بڕی تاوەکو گەیشتینە سنوورەکانی ئێران تا وەکو منداڵەکانمان لە سوپای عێراق ڕزگاری بێت لەبەرئەوەی پێشتر هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراقمان بینی بوو، کە چۆن بێ ویژدانانە خەڵکیان ئەنفال دەکرد بە بێ جیاوازی منداڵ و گەورە و ژن و پیاو بۆیە ویستم جەرگم نەسوتێ بە دەستی بەعسییەکان، پاش ئەوەی گەیشتمە تەوێڵە، کە سنووری نێوان عێراق و ئێرانە خەڵکێکی زۆری پەنابەری لێبوو، ئێمەش لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەپێ هاتبووین، ئیتر پەکمان کەوت و لەوە زیاتر نەمان دەتوانی ڕێگە ببڕین و ڕێگەی تەوێڵەش زۆر سەخت بوو، لەبەرئەوە لەژێر نایلۆنێکدا پشووماندا، بەڵام نان نەبوو بیخۆین، نیگار کۆرپەکەم شیرەخۆرە بوو، شیرم نەبوو بیدەمێ، چونکە چەند ڕۆژ بوو نانێکی زۆر کەمم خواردبوو، منداڵەکەشم هەر هاواری دەکرد و دەگریا داوای شیری دەکرد، لەڕاستیدا نەمدەزانی بۆ ڕوحم دەرنەدەهات، خۆزگەم بەمردن دەخواست لە ناکاو گریانی نەما و نیگاری کچە جگەرگۆشەکەم بە تەواوی شل ببوو، گیانی دەدا لە برسا پاش ماوەیەکی کەم دوای شلبوونی جەستەی گیانی سپارد، بەڵێ نیگار لە برسا مرد، سەرمایەکی زۆریش هەڵیکردبوو باران دەباری، ڕۆژێکی هیندە ناخۆش بوو هەر بە باس کردنی دڵم بە تەواوی تەنگ دەبێت و دەزانم ئەو ساتەیە کچەکەم تێیدا مرد" (قادر، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

یەکێکی تر لەکارەساتەکان (سابر حەوت برا) کە خۆی بەشداری کۆڕەوی کردووە بەم جۆرە وێنای ڕووداوێکی تراژیدیمان بۆ باس دەکات: "پاش ئەوەی لە عەربەتەوە هەڵهاتین گەیشتنیە گوندی زەردەهاڵی سنووری هەورامان تاوەکو ڕادەیەك لەمەترسی دوورکەوتینەوە ویستمان پشوو بدەین دەوروبەرمان زۆر قەرەباڵغ بوو، بەڵام لە نزیك ئێمە چەند خێزانێك کۆبوونەوە، لە شوێنێکدا کە خزمی نزیکی یەك بوون، ئەم خێزانە هەموو

تەڕ ببوون دارێکی زۆریان کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی ئاگر بکەنەوە و خۆیان وشك بکەنەوە لەسەرما کەمێك ڕزگاریان بێت، چونکە بەهارێکی زۆر سارد و تەڕ بوو، بارانێکی زۆر دەباری، کوڕێکی گەنجی ئەم خیزانە ویستی دارەکان گرتێبەردا، دوو دەبەی لای خۆیدا دانابوو دەبەیەکی نەوت و دەبەیەکی تریان بەنزین ئەم خێزانانە سەیارەیەکی لاندکرۆزەری (٧٩)یان پێبوو، دیاربوو بەنزینەکەیان بۆ سەیارەکە هەڵگرتبوو بۆ یەدەگ پێیان بوو، چونکە لە ڕێگەدا هیچ بەنزینی لێنەبوو چەندین سەیارە لەبێ بەنزینیدا بەجێ مابوون، ئەم گەنجەی ئەم خێزانە کاتێ ویستی نەوت بکات بە دارەکەدا لەجیاتی دەبە نەوتەکە دەبە بەنزینەکەی کرد بە دارەکەدا، ئەوەندە سەرمایان بوو دەبە بەنزین و نەوتەکەی لێ تێکچوو، پاش ئەوەی هەندێك لە بەنزینەکەی کرد بەسەر دارەکەدا دەبە بەنزینەکەی بەدەستەوە تەقیەوە، هەموو خێزانەکەیان دەوروبەری دارەکەیان دابوو، دوای ئەوەی دەبە بەنزینەکە تەقیەوە ئەم گەنجە بە تەواوی سوتا من لە نزیکیان بووم ڕامکرد بۆ لایان، گەنجەکە سوتا بوو دیمەنێکی زۆر ناحۆش بوو، دەم و چاوی هەموو سوتابوو پێستەکەی شۆڕبووبووە خوارەوە و لاشەشی زۆری سوتابوو لە کارەساتێکی لەم چەشنەدا هیچ جێگەیەك نەبوو چارەسەری بکەی، بۆ ئێرانیش نەمان دەتوانی بیبەین، چونکە ڕێگاکەی زۆر سەخت بوو دووریش بوو سەیارەش دەر نەئەچوو بۆ ئێران ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بوو، کوڕێکێ ئاوها گەنج وایلێهاتبوو ئەلەرزی و هاواری دەکرد ڕێگەچارەیەك نەبوو، نەت دەزانی چی بکەیت لێفەیەکمان کردە کۆڵی هەر هاواری دەکرد، لە ڕاستیدا ڕووداوێك بوو هێندە تاڵ و بەئازار بوو ویژدانی مرۆڤایەتی ئەهەژاند، بەڵام دواتر بردیان نازانم چارەنووسی بەچی گەیشت، نازانم ئەم گەنجە مرد یان ماوە، بەمجۆرە چەندین کەسی تر لە منداڵ و لە پیر لە برسا مردن و چەندین خەڵکی تریان هەبوو لەسەرما مردن، چەندین نموونەی لەم چەشنە لە کۆڕەودا ڕوویدا خۆم هەندێکی تری وێنەی تراژیدی ترم بینی" (حەوت برا، ٢٠٠٧: چاوپێکەوتن).

وێنەیەکی دیکەی تراژیدیای کۆڕەو کە ئاسۆ جەبار بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە: "کۆڕەو کارەساتێکی گەورە بوو خەڵکێکی زۆر لە بنی دارەکان لەسەر جادەکاندا دەمردن، من خۆم بە چاوی خۆم چەندین ڕووداوی لەم چەشنەم بینی، بۆ نمونە لە ڕێگا کە ئەڕۆیشتین لە لای قەڵاچۆلانی نزیك سلێمانیدا هەر لە کاتی ڕۆشتندا بینیمان کە دوو ژن لەسەر جادەکە مردبوون، دیار بوو ئەم دوو ژنە لە سەرما مردبوون. تەنانەت کەس و کارەکەی جێیان هێشتبوون و نەیان توانی بوو بیان نێژن، لەڕاستیدا ڕووداوێکی زۆر تراژیدی بوو، خەڵك هەبوو مردووەکانی ئەناشت بە ئەمانەت بەبێ ئەوەی بیناسێت، بەڵام فریای مردنی ئەم هەموو خەڵکە نەدەکەوتن، چونکە خەڵکێکی زۆر مردن، بەڵام ڕووداوی لەمەش ناخۆشترم بینی، کە بە تەواوی وژیدانمی هەژاند، کە ئەویش لەسەر ئەزمەڕ فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق ئەبینرا کە خەڵکێکی زۆری کوشتبوو، دیارە ئەمەش ڕووداوێکی دڵتەزێن و ناخۆش بوو، بەڵام لەمەش ناخۆشترم بینی کە خوێنی مرۆڤ و مەڕوو ماڵات و خەڵك بە بۆمباران هەموو تێکەڵ بوو بوو لەگەڵ خواردن و خواردەمەنییەکانی پێداویستی خەڵك، کە خەڵك بردبووی تاوەکو لایەنی کەمی بژێویان دابین بکەن، تاوەکو لە سوپا ستەمکارەکەی سەدام ڕزگاریان بێت، لەڕاستیدا حاڵەتێکی زۆر ترسێنەر بوو زۆر ناشارستانی و نامرۆڤانە بوو، لە ڕاستیدا ڕووداوی تراژیدی زۆر گەورە بوون، کە هەرگیز ڕووداوی لەم چەشنە بیرناچنەوە" (جەبار، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن).

مەحمود سەنگاویش: لە بیرەوەریەکانی خۆیدا چەند ڕوواوێکی تراژیدیمان بۆ دەگێڕێتەوە بەڵام من لێرەدا تەنها یەك ڕووداویان دەخەمە ڕوو، دەگێڕێتەوە: "ئەو کاتەی من لە سنوورەکانی سەرتەکی بەمۆ بووم، بینیم ژنێك بە کوڵ ئەگری و هاوار دەکات، دوو منداڵی لەبەردەستدا بوون، هەردووکیان کوژرابوون. ئەو ژنە لە طوز خورماتووەوە منداڵەکانی بە پێ گەیاندبووە ئەوێ و لەکاتی حەوانەوەدا منداڵەکانی چووبوونە ناو کێڵگەی مینەوە و مین هەردوو منداڵەکەیانی کوشتبوو، ژنەکە ئەوەندە بەکوڵ ئەگریا و فرمێسکی هەڵ ئەڕشت کە دابەزیمە خوارەوە بۆ لای ژنەکە منیش بانگی گریانم لێ بەرز بووەوە بۆیان" (سەنگاوی، ٢٠٠٥: ل٤١٦).

وێنەیەکی دیکەی کارەساتبار ئەوەبوو کە  ئێمە خێزانی خۆمان لەڕێگەی حاجی ئۆمەران بە هۆکاری کۆڕەو هەڵهاتبوین، دەیان کەسم دەبینی دەمردن لەبرسا و لەسەرما یان بە هۆکاری تەقەمەنی وەکو ئەڵغام و مینی چێندراو،  تەنانەت برایەکم و ئامۆزایەکم  بە هۆکاری ئەوەی منداڵ بوون نەیان توانی بەرگەی دۆخەکە بگرن کۆچی دواییان کرد، چونکە کەرەستەی گەرمکردنەوە و شوێنی حەواندنەوە و دەرمان و پزیشك و هیچ لەم بابەتانە نەبوون، تەنانەت خواردنیش زۆر کەم بوو، هەندێك خەڵکمان دەبینی دەمردن و فریانەدەکەوتن بیان نێژن یان بەپەلە چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەندن و جێیان دەهێڵان، بەو شێوەیە دەیان شاردنەوە و سەدان وێنەی تراژیدیمان بینوە کە بە باس کردنیان هەرگیز حەقی خۆیان پێنادرێ و بۆ هەمیشە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە(احمد، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن).

گەر بە وردی سەرنجی ئەم ووداوە تراژیدیایانەی سەرەوە بدەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە کاتی کۆڕەوی باشووری کوردستان، نموونەی ناخ هەژێنی وای تێدایە بە درێژای ڕێگەی سنوری (ئێران و تورکیا)، پڕن لە ڕووداوی کارەساتبار، کە لە مێژوودا زۆر کەم و دەگمەنن.

## ئەنجام

١. کۆڕەو ئەو هەڵهاتنە بەکۆمەڵەی خەڵکی باشووری کوردستان بوو، کە لەدوای شکستی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە شاری کەرکوکەوە دەستیپێکرد، لەو ڕووداوەدا خەڵك بەناچاری لەترسی سوپای عێراق نییشتمانی خۆیان بەجێهێشت بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا.

٢. لەدوای ساڵی (١٩٩١) هوە وشەی کۆڕەو بە شێوەیەکی فراوان هاتە ناو فەرهەنگی مێژووی کوردەوە.

٣. ترس لە حکومەتی عێراق وایکرد خەڵك ماڵ و شار و نیشتمانی خۆی بەجێهێشت وژیانێکی نالەبار و چارەنوسێکی نادیاریان هەڵبژێراد.

٤. دەنگۆی کۆڕەوی (١٩٩١) یەکێکە لە پاڵپشتییە هەرە گەورەکانی هەستانەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، کاریگەریی ئەم ڕووداوە لەسەر ڕای گشتی جیهان و ناوەندە سیاسیی و مرۆییەکانی جیهان زۆر گەورەتر بوو، لەو کاریگەرییەی جینۆساید و کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە بەدوای خۆیدا هێنای، تەنانەت ئەم ڕووداوە هەرچەندە بەر ئەنجامی ڕاپەڕین بوو، بەڵام لەخودی ڕاپەڕینەکە گەورەتر بوو.

٥. بە هۆی کۆڕەو خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە شاخەکانی کوردستانەوە گوازرایەوە بۆ سەر مێزی گفتو، چونکە بڕیار بەدەستانی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەسەڵاتدارانی (لەندەن، پاریس و واشنتۆن)، سەرنجی جیهانیان ڕاکێشا بەرەو ئەو ڕاستیەی کە لە باشووری کوردستاندا پرسێك بەناوی پرسی کورد لە گۆڕێدایە و پێویستە چارەسەر بکرێت.

٦. چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی بوونە هۆی دروستبوونی کۆڕەوی باشوری کوردستان، وەك پەرتەوازەیی هێزە کوردیەکان، خێرایی ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و حکومەتی عێراق، بەجۆرێك تەواوی هێزەکانی خستە کار بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕین. هۆکاری دەرەکیەکانیش وەك پەشیمان بوونەوەی هاوپەیمانان لە هاریکاری کردنی ڕاپەڕیوان و دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پاڵپشتی شیعەکانی عێراق، گرێدانی ڕاپەڕینی باشووری عێراق بە ڕاپەڕینی باشووری کوردستانەوە، هەروەها نەبوونی گیانی هاوکاری لە نێوان شیعەکانی باشووری عێراق و کوردەکانی باشوری کوردستاندا، هاوکات ترسی وڵاتە عەرەبییەکان لە ڕاپەڕینی باشووری عێراق و باشووری کوردستان لەوەی کە ئێران بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی ئاراستەیان بکات.

٧. لە کاتی بەرپابوونی کۆڕەوی باشووری کوردستاندا بەشێك لەپەنابەرەکان ڕوویان کردە وڵاتانی ئێران و تورکیا، ئێران پێشوەخت سنوورەکانی کردەوە و هاوکاری باشی پەنابەرانی کوردی کرد، مامەڵەی باشتر بوو لەگەڵ پەنابەراندا، بەڵام تورکیا درەنگتر سنورەکانی خۆی کردەوە و بە شێوەیەکی خراپ بەراورد بە ئێران لەگەڵ ئاوارەکانی کۆڕەودا مامەڵەی کرد.

٨. لەکاتی ڕوودانی کۆڕەودا چەندین وێنەی تراژیدی ناخ هەژێنی لێکەوتەوە بە هۆکاری برسێتی و سەرما و سەختی ڕێگە و بوونی مین و بۆمبەکانی پاشماوەی جەنگی ( عێراق . ئێران) .


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ کتێبەکان:**

**١. کتێبە کوردیەکان:**

١. تاڵەبانی، ناهیدە و محمد، جاسم. (٢٠٠٢)، ئەنفالی گەرمیان، سلێمانی.

٢. جەبار، ئاسۆ. (٢٠٠٠)، کۆچ و سەفەر، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣. حاجی حەمید، رزگار. (٢٠١٩)، کەلار مێژوویەکی دێرین وجوگرافیای شارێکی زیندوو ١٩٧٠-٢٠١٢ (لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای مرۆییدا)، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤. حاجی محمود، محمد. (٢٠٠١)، رۆژمێری پێشمەرگەیەك، ب٣، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٥. حاجی مشیر، شەوکەت. (٢٠٠٣)، چیوەڕۆ دەروازەیەك بەرەوکەکوك، چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

٦. حاجی، شۆڕش. (٢٠٠٤ )، تەعریبی کەرکوك، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٧. دزەیی، یوسف. (٢٠٠١)، ئەنفال، کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

٨. ڕەسول، هاوڕێ قادر. (١٩٩٤)، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ باشوری کوردستان، ب.د.ب، هۆڵەندا.

٩. رۆد هۆڤ، میغیل لیزنبیرگ، پترمۆر. (بێ ساڵ) هەڵبژاردنەکانی (١٩ مایسی ١٩٩٢) ئەزموونێکی دیمکراسیانەیە، بێ شوێن.

١٠. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ. (٢٠٠٠)، عێراق وتاوانەکانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، و/ جەمال میرزا عەزیز، بەرلین.

١١. سەنگاوی، مەحمود. (٢٠٠٥)، بیرەوەریەکانی سەنگاوی، چ٢، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی.

١٢. فەرەج، لەتیف و ساڵەح، مەجید. (٢٠٠٣)، کورد قڕان، ب١، سلێمانی.

١٣. قانع، بورهان، (١٩٨٤) فەرهەنگی نوێ، چ١، بەغداد.

١٤. قانع، مەریوان وریا. (٢٠٠٥)، ناسیۆنالیزم وسەفەر، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٥. قوربانی، عارف. (٢٠٠١)، کۆچ وکۆچپێکردن هۆکارو بنەماکانی، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕوناکبیری وراگەیاندنی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، سلێمانی.

١٦. کۆچێرا، کریس. (٢٠٠٢)، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد وهیوای سەربەخۆیی، و/ ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپ وپەخشی تەما، سلێمانی.

١٧. کۆمەڵێك نوسەری کوردو بیانی.(١٩٩٨،) گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرپوت، و/محمد گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.

١٨. ماکداول، دیڤید. (٢٠٠٥)، مێژووی هاوچەرخی کورد، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، هەولێر.

١٩. المبارفوری، صفی الرحمن.(٢٠٠٦)، گوڵاوی سەرمۆر،و/بەکر حەمە صدیق عارف، چ٢، نشری ئیحسان، تاران.

٢٠. محمدی وحاجی زادە، زاهیر وپاسین.(٢٠٠٦)، فەرهەنگی سیاسی بارەش، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولیر، ٢٠٠٦.

٢١. مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان. راپەڕینی ئاداری (١٩٩١)، لە باشووری کوردستان، چ١، دەزگای چاپ وبەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، سلێمانی.
٢٢. مەرزنگ، عبدالرزاق. (٢٠٠٤)، راپەڕینی بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٢٣. مینە. ئەمین قادر. (١٩٩٨)، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان، چ٢، سلیمانی.
٢٤. هەرشەمی، شاسوار. فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیی مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردییدا، ب١، چ١، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٢، سلێمانی.
٢٥. هەژاری، شەریف علی.(٢٠٠٨)، موجاهیدینی خەلق و هەڵوێستی بەرانبەر نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا (١٩٦٤- ١٩٩٤)، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
٢٦. ئاغجەلەری، پشکۆ حەمە تاهیر. (٢٠٠٤)، راپەڕینی کەرکوك ساڵی ١٩٩١، چ١، چاپخانەی روناکبیری (ی.ن.ك) سلێمانی.
٢٧. ئیزەدی، مهردادی. (٢٠٠٧)، چەردەباسێك لەبارەی کوردانەوە، و/ئەمین شوانی، دەزگای چاپ وبەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٨. ئینتیسار، نادر. (٢٠٠٤)، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و/عەتا قەرەداغی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.
٢٩. علی، ئەحمەد مەحمود. (٢٠١٣)، مێژووی کورد لە سەد و دوازدە ساڵدا، چ١، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢ . کتێبە عەرەبیەکان:

١. الحدیثي، طه حمادي.(دکتور)، (١٩٨٥)، جغرافیة السکان، دارالکتب للطباعة والنشر، الموصل.
٢. حلبي، علي عبدالرزاق. (١٩٨٤)، علم الاجتماع السکان، دارالکتب للطباعة والنشر، بیروت.
٣. السویدان، .حامد محمد طه. (دکتور)،(٢٠١٣)، قضیة حزب العمال الکردستاني واثرها علی العلاقات الترکیة- الروسیة(١٩٨٤-١٩٩٩)، مرکز الدراسات الاقلیمیة، جامعة الموصل.
٤. الناهي، هیثم غالب، ٢٠١٣، تفتیت العراق – انهیار السلم المدني والدولة العراقیة، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت.
٥. هیکل، محمد حسنین. ١٩٩٢، حرب الخلیج اوهام القوة والنصر، مرکز الاهرام، دونة مکان.

دووەم/ رۆژنامەو گۆڤارەکان:

١. رۆژنامەکان:

١. کۆرەو لە یادەوەری جەیمس بیکەردا، (٢٠٠٣/٣/٣٠)، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٠٥٨).
٢. جاف، سیروان. (٢٠٠٦/٤/٢)، بڕیاری ٦٨٨ بە ئاگاهاتنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢١٠١).
٣. مێرگەسۆری، محمد. (١١/٣/ ٢٠٠٦)، راپەڕین وەرچەرخانی خەبات، رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (١٧٢).

٢. گۆڤارەکان:

١. ساڵەح، مەجید. (٢٠٠٤)، هەڵەبجە گەورەترین کارەساتی سەدە، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (٥).
٢. سیوەیلی، هۆشیار. (٢٠٠٥)، کۆڕەو سەرەتای قۆناغێکی نوێی مێژوومان" گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٥٣٠).
٣. عەبدوڵا، عەبدوڵا خورشید. (١٩٩٨)، دیاردەی کۆچ کردن لەڕوانگەیەکی سۆسیێۆمێژوویەوە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦).
٤. نەجمەدین، جەلال. (بێ ساڵ)، ڕیپۆرتاژێکی ماتەمینی بە یادی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژمارە (٥).

سێیەم: ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

١. (https://ckb.wikipedia.org/wiki/).
٢. https://ar.wikipedia.org/wiki/

چوارەم: چاوپێکەوتنەکان:

١. چاوپێکەوتنی توێژەر(١/١١/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ(فاضل رەئوف)، بەرپرسی لقی ٢١ سلێمانی پ.د.ك، سلێمانی.
٢. چاوپێکەوتنی توێژەر (٦/١١/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ (ئازاد جوندیانی)، لێپرسی ڕاگەیاندنی ی.ن.ك، سلێمانی.
٣. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٧/١١/٧)، لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سیاسەت مەدار، سلێمانی.
٤. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٧/١٠/١٧)، لەگەڵ (صابر حەوت برا)، هاوڵاتی، سەیدصادق.
٥. چاوپێکەوتنی توێژەر(١٨/١٠/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ(محەمەدی حاجی مەحمود دەرزیلەیی)، هاوڵاتی سیدصادق.
٦. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٧/١٠/١٨)، لەگەڵ (جەهان حەسەن قادر)، هاوڵاتی، سەیدصادق.
٧. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٧/١٠/٢٢)، لەگەڵ (م. فواد ئەحمەد شاواز)، هاوڵاتی، کەلار.
٨. چاوپێکەوتنی توێژەر، (٢٦/١٠/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ (کامیل محمود)، رۆژنامە نووس، هەڵەبجەی شەهید.
٩. چاوپێکەوتنی توێژەر، (١١/١١/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ (حەسەن جەباری)، بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و رۆشنبیری پ.د.ك لقی ٤ سلێمانی، سلێمانی.
١٠. چاوپێکەوتن(٢٠٠٧/١١/١٧)، لەگەڵ(محەمەد مەلا قادر)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ك،صلاح الدین.
١١. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٧/١١/٢٧)، لەگەڵ (شوان کەریم کابان)، پەرلەمانتار، سلێمانی.

١٢. چاوپێکەوتنی توێژەر(١١/١٢/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ(سەلام عەبدوڵا)،بەرپرسی لقی ٤ سلێمانی پ.د.ك، سلێمانی.
١٣. چاوپێکەوتنی توێژەر (١٢/١٤/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ (د. رەفیق سابیر)، نوسەر و رۆشنبیر، سلێمانی.
١٤. چاوپێکەوتنی توێژەر (١٢/١٦/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ (د.دلێر احمد حمد)، راگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٥. چاوپێکەوتنی توێژەر (١٢/٢٥/ ٢٠٠٧)، لەگەڵ (م. عبدالكريم فتاح)، نوسەر ورۆشنبیر، سەیدصادق.
١٦. چاوپێکەوتنی توێژەر، (١/٢٧/ ٢٠٠٨)، لەگەڵ (شێخ جەعفەر شێخ مصطفى)، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی.
١٧. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٨/١/٢٨)، لەگەڵ (بەهمەن حسێن عوسمان)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سلێمانی.
١٨. چاوپێکەوتنی توێژەر (١/٣١/ ٢٠٠٨)، لەگەڵ (صوبحی مەهدی)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان-عێراق، سلێمانی.
١٩. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢/٢/ ٢٠٠٨)، لەگەڵ (د.کەمال على)، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.
٢٠. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢/١٣/ ٢٠٠٨)، لەگەڵ (د.یاسین خالد سەردەشتی)، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.
٢١. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٨/٤/٢١)، لەگەڵ (محمود سەنگاوی)، نوێنەری مام جلال بۆ هێزەکانی ٧٠ ی.ن.ك ،سلێمانی.
٢٢. چاوپێکەوتنی توێژەر (٣/٥/ ٢٠٠٨)، لەگەڵ (ئاسۆ جەبار)، نوسەر و رۆشنبیر، سلێمانی.
٢٣. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢٠٠٨/٤/٧)، لەگەڵ (سامی یاسین)، هاوڵاتی، دهۆك.
٢٤. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢/٢/ ٢٠٢٢)، لەگەڵ (پ.د. سامان حسێن احمد)، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.
٢٥. چاوپێکەوتنی توێژەر (٢/٣/ ٢٠٢٢)، لەگەڵ (پ.د. پشکۆ حمەتاهیر ئاغجەلەری)، مامۆستای زانکۆ، سلێمانی.

## ملخص

ان اختيار بحث بعنوان (هجرة عام ١٩٩١ الجماعية لاهالي جنوب كردستان وموقف الدول المجاورة: تركيا وإيران كمثال) كموضوع محدد للتاريخ الكردي المعاصر بشكل عام وجنوب كردستان بشكل خاص، ذو اهمية بالغة؛ وتكمن اهميتها في ان الدراسة الحالية، من خلال نقل التاريخ الشفوي عبر لسان بعض شهاد تلك الاحداث والوثائق المتاحة، تحاول تحليل وكشف جانباً من التاريخ كردستان المعاصر، كاحد اهم احداث اواخر قرن العشرين في المنطقة.

بالاعتماد على مصادر مختلفة، تم اجراء البحث التالي، والتي تتكون من مقدمة وجزءين وخمسة محاور وخاتمة، كما يلي:

الجزء الأول: هذا الجزء بعنوان (تعريف الهجرة الجماعية وأهم أسباب حدوثه) ويتكون من مبحثين. يتناول المبحث الأول الهجرة الجماعية وتاريخ الهجرة لدى الكرد. والمبحث الثاني مخصص لتسليط الضوء على اسباب هجرة جنوب كردستان الجماعية، ويناقش اسبابها الداخلية والخارجية.

الجزء الثاني: هذا الجزء بعنوان (مجرى أحداث الهجرة الجماعية) ويتكون من ثلاثة مباحث كالتالي: المبحث الأول، وهو بانوراما حول هجرة الشعب الكردي إلى إيران، وقد تم شرح وتوضيح موقف إيران من المهجرين الكورد. أما المبحث الثاني فيتعلق بهجرة الشعب الكردي إلى تركيا، وقد تم شرح وتوضيح موقف تركيا من . والمبحث الثالث المهجرين الكورد، يدور حول إفادات مجموعة من المهاجرين الأكراد عاشوا وشهدوا مأساة موت أحبائهم في الهجرة الجماعية بسبب المجاعة والحرب والبرد.

Abstract:

Choosing an investigation with the title of (Southern Kurdistan's 1991 Mass Exodus and Neibours' Position (Turkey and Iran) as a Sample) is very significant as Kurdish modern historical selected topic generally, and south Kurdistan specifically, since we want to show and clearify this subject as an oral history depending on documents and witnesses as an important event (modern historical side of Kurdistan) in the final decade of passed century. Hence relying on different sources a research has been prepared that consists on a preface, two chapters, five sections and a conclusion such as:

First chapter: in the research the first chapter in the title (identifying mass exodus and its important factors) consists of two sections which is formed in this way; first section that deals with history of immigration and exodus within Kurds people. Second section in the title (south Kurdistan' exodus factors) internal and external factors of mass exodus has been mentioned

Second chapter: in the research second chapter we have explained (events and all aspects of mass exodus) that consists of three sections: first section (exodus of Kurds to Iran) in this section kurds' people flee to Iran and the position of this country against Kurds homless people has been demonstrated. Second section (exodus of Kurds to Turkey) in this section kurds' people flee to Turkey and the position of this country against Kurds homless people has been showed. Third section (tragedy eventsof mass exodus in the speech of some victims) in this section some of Kurds homeless people tell their story (some of Kurdish escapee) were the witness of their loved one's death that the reasons of their death were (starvation, lack of their needs, cold, distance of the roads, and ammunitions).

Key words: Mass Exodus , Southern Kurdistan, Regional countries, International community.